https://www.doi.org/10.31918/twejer.2142.9

e-ISSN (2617-0752)          p-ISSN (2617-0744)

# پەیوەندیی خوارزمییەکان لەگەڵ هێز و دەسەڵاتدارانی کورد و ناوچە کوردییەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی کۆچی/ سێزدەمی زاینی

سعدالدین سلیمان شوان
وەزارەتی پەروەردە- بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سۆران
Sahd.sleman@yahoo.com

پ.ی.د. مەهدی عوسمان هەروتی
بەشی مێژوو- فەکەڵتیی پەروەردە
زانکۆی کۆیە

**پوختە**

سەرەتای سەرهەڵدانی پەیوەندیی خوارزمییەکان لەگەڵ هێز و دەسەڵاتدارانی کورد و ناوچە کوردییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خوارزمشا (علاءالدین تکش)(٥٦٨-٥٩٦ک/١١٧٢-١١٩٩ز) کاتێ دەستی بەسەر هەرێمی چیادا گرت، هەروەها (علاءالدین محمد)(٥٩٦-٦١٧ھ/١١٩٩-١٢٢٠ز) دوای ئەوەی کەوا هێز و دەسەڵاتێکی فراوانی لە ڕۆژهەلاتی ئیسلامی دەستەبەر کرد، ئاراستەی لەشکرکیشییەکانی بەرەو ئێران و ڕۆژئاوا پەلی هاوێشت، یاخود لەوکاتەی لە بەردەم شاڵاوی مەغۆلیدا دووچاری تێکشکان بوون.

دیارە کوردستانیش بەدەر نەبوو لەو هەرێم و ناوچانەی کە کەوتنە بەر شاڵاو و پاوانخوازییەکانی خوارزمی، لە سۆنگەی ئەو لەشکرکێشییانەدا ڕێگا واڵا بوو بۆ هاتنەئارای چەند پەیوەندییەک لە نێوان خوارزمییەکان و بەشێک لە هێز و دەسەلاتدارانی کورد و ناوچە کوردییەکان، بە تایبەتی لە سەردەمی سوڵتان (جلال‌الدین منکبرتی) (٦١٧-٦٢٨ک/١٢٢٠-١٢٣١ز) لە بوارەکانی سیاسی و سەربازی تەنانەت کۆمەڵایەتیش، ئەمە و سەرەڕای چەندین نەهامەتی و کارەسات کە بەسەر ناوچە کوردییەکاندا هاتوون لە ئەنجامی لەشکرکێشییەکان. هەموو ئەمانە لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو.

وشە کلیلیەکان: کورد و ناوچە کوردنشینەکان، خوارزمییەکان، جلال‌الدین منکبرتی، ئەیوبییەکان، داقوق، خەلات.

**پەیوەندیی خوارزمییەکان لەگەڵ هێز و دەسەڵاتدارانی کورد و ناوچە کوردییەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی کۆچی/ سێزدەمی زاینی**

**پێشەکی:-**

دەوڵەتی خوارزمی لە کۆتایی سەدەی ٥ک/١١ز لە هەرێمی خوارزمی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی سەریهەڵدا، دیارە بیری فراوانخوازی و پەلهاوێشتن بۆ هەرێمەکانی دەوروبەر لە هزری خوارمشایان بە جۆریک گەڵاڵە بووبوو کە لە سەردەمی (علاءالدین محمد) (٥٩٦-٦١٧ک/١١٩٩-١٢٢٠ز) بگاتە لوتکەی فراوانی، ئەنجامی تێکگیرانیان لەگەڵ دەوڵەتی عەباسی و تێکچوونی پەیوەندییان لەگەڵ مەغۆلەکان لەسەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە گرنگترین ئەو فاکتەرانە بوون کە شاڵاو و هەڵمەتە سەربازییەکانیان بە ئاراستەی ڕۆژئاوا بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی پەلبهاوێ، ئەو ناوچە کوردنشینانەی کە کەوتنە بەر پەلامار و لەشکرکێشییەکانیان دووچاری مەرگەسات و وێرانکاری و تاڵانکاری زۆر گەورە بوونەوە بە تایبەتی لە شارەکانی داقوق و خەلات، وێڕای ئەمەش جۆرێک لە پەیوەندی خوارزمی لەگەڵ هێز و دەسەڵاتدارانی کورد و ناوچە کوردییەکان بە تایبەتی ئەیوبییەکان لەپاڵ شاڵاوەکانیان هاتەکایەوە، کە خۆی لەچەند پەیوەندییەکی سیاسی و سەربازی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە.

بایەخی توێژینەوەکە لەوەدایە کە توێژەر هەڵساوە بە هەڵدانەوەی پەردە لەسەر ئەو پەیوەندییانەی کە لەم نێوانەدا هاتوونەتە ئارا بە واتای لەسەر چ بنەمایەک سەریانهەڵداوە و بە چ ئاکامێک گەیشتوون، یاخود کاردانەوەکان بەسەر خەڵکی سڤیلی دانیشتووی کوردستان چیبوون. ئەمەش لە چوارچێوەی شەش باسدا خراوەتەڕوو، بەو پێیەی تا ئەمڕۆ توێژینەوەیەک  بە زمانی کوردی پەنجەی نەخستۆتە سەر تەواوی پێشهات و وردەکاریەکانی ئەم پەیوەندییانە.

دیاره توێژەر شێوازی شیکاری مێژوویی پەیڕەو کردووە لە شیکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان و هاتنەئارای چۆنیەتیی پەیوەندییەکان، بە پشتبەستن بە گرنگترین سەرچاوە مێژوویەکانی وەک (الکامل فی التاریخ) ی (ابن الاثیر) مردوو لە ساڵی (٦٣٠ک/١٢٣٣ز). خۆی هاوسەردەم و بە ئاگا بووە لە ڕووداوەکان و تۆماری کردوون، کتێبی (سیرة جلال الدین منکبرتی) ی (النسوی) مردوو لە ساڵی (٦٣٩ک /١٢٤١ز). خۆی نووسەر و کاربەدەستێکی دەرباری خوارزمییەکان بووە لە نزیکەوە لە ڕووداوەکان ئاگادار بووە، هەروەها کتێبی (مفرج الکروب) ی (ابن الواصل) زانیاری ناوازەی خستۆتەڕوو بە تایبەتی لەسەر پاشماوەی سوپای خوارزمی دوای هەرەسهێنانی دەوڵەتەکەیان ساڵی (٦٢٨ک١٢٣١ز) کە هاوسەردەم و نزیک بووە لە ڕووداوەکان لەگەڵ چەند لیکۆڵینەوەیەکی تر وەک: (علاقة الدولة الخوارزمیة بالقوة فی بلاد الشام)ی (عابد عبدالرزاق بن عبدالله الغریبی) نامەی ماستەر، تیشک خستۆتە سەر پەیوەندیی نێوان میرە ئەیوبییەکان و دەوڵەتی خوارزمی، هەروەها (ژنخوازی لە دەوڵەتی ئەیوبیدا) ی (سامان نامیق تۆفیق) نامەی ماستەر، لەناو ئەم پڕۆسە ژنخوازییەی ئەیوبییەکان ئەوانەی تایبەت بە خوارزمییەکان ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ چەند توێژینەوەی تر.

**باسی یەکەم: پەیوەندیی خوارزمییەکان لەگەڵ ئەتابەگییەی هەولێر.**

هاتنەئارای ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان (مظفرالدین کوکبوری) (٥٨٦-٦٣٠ک/١١٩٠-١٢٣٣ز) فەرمانڕەوای هەولێر بەو پێیەی کە لەو سەردەمە پەیوەندیی ناوبراو لەگەڵ خەلافەتی عەباسی لە ئاستێکی باشدا بووە بە تایبەتی لە دوای کۆچی دوایی سوڵتان (صلاح الدین ئەیوبی) کە هەولێر بەشێک بوو لە دەوڵەتەکەی (الصقار، ١٩٩٢، ١٥٧)، کوکبوری هەڵسا بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەلافەت، ئیتر پەیوەندیی نێوانیان پێی نایە قۆناغێکی ئەوتۆ کە ناوبراو بوو بە

پارێزگار و داکۆکیکارێکی سەرسەختی خەلافەتی عەباسی، بۆیە کە مەترسیی دەرەکی دەبوو بە هەڕەشە لەسەر بەغدای پایتەخت، خەلیفە (ناصر لدین‌الله)(٥٧٥-٦٢٣ک/١١٨٠-١٢٢٧ز) پەنای دەبردە بەر بۆ سازدانی هەڵمەتی سەربازی و ڕەواندنەوەی مەترسییەکانی سەر دەوڵەت و سەرکوتکردنی نەیاران و ناحەزانی خەلافەت، نموونەی ئەمانەش وەک سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەی (منکلی) ساڵی (٦١٢ک/١٢١٥ز) کە دەستی بەسەر هەمەدان و ئەسفەهان و ڕەیدا گرتبوو (ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٣٦٤/١٠)، هەروەها پێشگرتن لە پەلامار و هێرشی سوپای وێرانکەری مەغۆلەکان کە پەیتا پەیتا لە خاک و مولکەکانی خەلافەت نزیکدەبوونەوە، ساڵی (٦١٧ک/١٢٢٠ز) خۆی و لەشکرەکەی گەیشتە شاری داقوق لەسەر داوای خەلیفە بە هەماهەنگی لەگەڵ سوپای خەلیفە بە سەرکردایەتی (جمال‌الدین قشتمر) (ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٤١٢/١٠-٤١٣).

ویڕای ئەمەش کاتێ سوڵتان (جلال‌الدین منکبرتی) ساڵی (٦٢٢ک/١٢٢٥ز) لە شاڵاوێکدا بۆ سەر بەغدا، خەلیفە وەکو جارەکانی پێشوو داوای هاوکاری لە کوکبوری کرد کە هێزەکەی تەیار بکات، لە داقوق پێشی پێ بگرێت و هێرشەکەی تێک بشکێنێ، هاوکات لەگەڵ لەشکرێکی تر لە باشوورەوە بەسەرکردایەتی (جمال‌الدین قشتمر) کە زووتر دەستپێشخەریی کرد واتە بە تەنها هەردوو لەشکرەکە بەرەنگاری منکبرتی بوونەوە بۆیە هەردووکیان دووچاری شکست هاتن (خوافی، ١٣٨٤، ٧٧٧/٢) بەپێی ئاماژەی خەوافی کوکبوری نەیتوانی بەسەریدا سەرکەوێ چونکە بەرلە گەیشتنی ناوبراو منکبرتی بۆسەی بۆ دانابووەوە، بۆیە لەشکرەکەی تێکشکا و خۆشی لە مەیدانی شەڕەکەدا بە دیل گیرا، کە هێنایانە بەردەم سوڵتان کوکبوری لێی پاڕایەوە تاکو بیبەخشێ، سوڵتانیش بەزەیی پێدا هاتەوە و ئازادی کرد (١٣٨٤، ٧٧٧/٢).

دکتۆر موحسین موحەمەد کە لە (عبدالمحمد آیتی و نصرت الله مشکوتی) گواستویەتیەوە، کوکبوری ویستی لە پڕ پەلاماری منکبرتی بدات بەڵام ئەو زووتر دەستی پێشخست و کەوتە هێرشبردن و دەرفەتی لێ بڕی و لەشکرەکەی تێکشکاند لە مەیدانی شەڕەکەدا سەربازانی بە دیلیان گرت و بردیانە بەردەمی سوڵتان بەڵام سوڵتان ڕێزی لێگرت و فەرمانی کرد ئازادی بکەن، داوای لێکرد بگەڕێتە وڵاتی خۆی، (مظفرالدین) لە ڕەفتاری خۆی پەشیمان بۆوە و ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ بەست و گەڕایەوە هەولێر. (٢٠١٠، ١٨٣)

هەڵبەتە ئەمە سەرەتای هاتنەئارای پەیوەندییەکی دوو قۆڵی بوو لە نێوان سوڵتان (جلال‌الدین منکبرتی و مظفرالدین کوکبوری)، دیارە ئاکامی بەرەنگاربوونەوەی هەردوو سوپای (منکبرتی و کوکبوری) سەری کێشا بۆ سەرهەڵدانی پەیوەندی دۆستانە و گرێدانی پەیمان و ئاشتینامە (الجویني، ٢٠٠٧، ٣٤٩/٣؛ ابن العبري، ١٩٨٦، ٢٧٥)، دواتریش بوونەوەی دەرگای گۆڕینەوەی نامە لە نێوانیان (ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٤٤٥/١٠)، بەپێی ئاماژەی (ابن الواصل) منکبرتی سەرکەوت لە بەدەستهێنانی پاڵپشتی و گوێڕایەڵی کوکبوری (١٩٥٣، ١٤٦/٤)، کەواتە یەکێک لە بەرئەنجام و دەستکەوتەکانی ئەم ڕێککەوتنە قایلکردنی منکبرتی بوو بە دەستهەڵگرتنی لە داقوق و پەشیمانکردنەوەی لە هێرشی سەر بەغدا و گۆڕینی ئاراستەی هێرشەکەی بەرەو ئازربایجان (ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٤٤٥/١٠؛ الحمیری، ١٩٧٤، ٢٤٤).

ئەم ڕێککەوتنە بۆ هەر یەکێکیان مەبەستی سیاسی و بەرژەوەندیی تایبەتی لەدواوە بوو، ئەوەی بە لای منکبرتی لێی دەخوێندرێتەوە کە هەڵگری پەیامی زیندووکردنەوەی دەوڵەتی خوارزمی و دروستکردنی بەرەیەکی ئیسلامی بەهێز بووبێ لە بەرانبەر مەغۆلەکان وەکو پێشتر ئەم پێشنیازەی خستبووە بەردەم خەلیفە بەڵام ناوبراو

ڕەتیکردبووەوە (اشتیابی، ١٣٨٩، ٣٣٣)، بۆیە نەیویستووە دوژمنی ئەوەندە زۆر و کەڵەکە بن  کە لەمەیدانی ململانێی نێوان هێزە ئیسلامییەکان هێزێک نەبێ هاوسۆزی و پاڵپشتی بۆی نەبێ.

هەرچی لەلایەن کوکبوریشە کە لە پەیوەندییەکی ناخۆش و ناکۆک دابووە لەگەڵ ئەتابەگییەی  موسڵ پەیوندییەکانیان بە دۆخێکی هەڵکشان و داکشاندا تێدەپەری لەو ماوەیەی کە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی (بدرالدین لؤلؤ)، یاخود پێشتریش نێوانیان لە دۆخێکی سیاسی گونجاودا نەبووە، بەڵکو بە تەنگژەی سەربازی و لەشکرکێشانە سەر یەکتردا تێپەڕیوە (ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٤٤١/١٠؛ الصقار، ١٩٩٢، ١٦١-١٦٣)، بۆیە ئەویش لەلای خۆی بەدوای هێزێکدا دەگەڕا کە پەیوەندی لەگەڵ ببەستێ و بەهۆیەوە گورز لە دوژمنەکەی بوەشێنێ و لەناویببات، دیارە لەو هەلومەرجەشدا منکبرتی گونجاوترین هێز بووە لە بنبڕکردنی کێشەکان و جێگای ئومێد و پشتپێبەستن بێ کە لەگەڵ سەرداری دیمەشق مەلیک (معظم عیسی کوڕی مەلیک العادل الایوبی) (٦١٥-٦٢٤ک/١٢١٨-١٢٢٧ز) بەرەیەکی هاوبەشی بەهێز پێکبهێنن لە دژی (بدرالدین لؤلؤ) ئەتابەگی موسل (٦٢١-٦٥٧ک/١٢٢٤-١٢٥٩ز) (حسین، ٢٠١٠، ١٨٥).

ساڵی (٦٢٣ک/١٢٢٦) لە نێوان هەریەک لە سوڵتان (جلالالدین و مەلیک معظم عیسی و مظفرالدین کوکبوری) لەبارەی ڕێککەوتن و پەیمان بەستن لە نێوانیان نامە گۆڕینەوە هاتە ئاراوە (ابن الواصل، ١٩٥٣، ١٧٥/٤)، بە پێی ڕێککەوتنی سێقۆڵی هەرسێ هێزەکە (مظفرالدین کوکبوری هێرشی کردە سەر موسل و (معظم عیسی) بۆسەر حمس و حەما و منکبرتی بۆ سەر خەلات بەو پێیەی فەرمانڕەوایانی هەریەک لە شارەکانی حمس و حەما و موسڵ لە یەک بەرەدابوون لەگەڵ مەلیک (الاشرف کوڕی مەلیک العادل) سەرداری خەلات (ابن الواصل، ١٩٥٣، ١٧٦/٤)، بەڵام هەریەک لە هێزەکان بێ ئەوەی ئامانجەکەیان بپێکن لە

دەستبەسەرداگرتنی ئەو شارانەی کە پەلاماریان دان گەڕانەوە ناوچەکانیان، چونکە (بدرالدین لؤلؤ) هانای بردە بەر مەلیک (الاشرف) تاکو مەترسی کوکبوری لەسەر بڕەوێنێتەوە، ئەویش لە ڕەقەوە پەلاماری حەران و دونەیسەر و ماردینی دا و وێرانیکردن تا مەلیک (معظم عیسی) نامەی بۆ نارد کە دەست لە ماردین هەڵگرێ، ئەویش دەست لە حمس و حەما هەڵدەگرێ و کوکبوریش واز لە موسڵ بهێنێ، بەڵام هەرچۆنێک بێ بەشی ماندووبوون هەندێ زەرەر و زیانیشی پێ گەیاند (ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٤٦٢/١٠).

ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە منکبرتی بەهۆی سەرقاڵی بە شەڕی گورجیەکان[١] و ئیسماعیلییەکانی قەڵای ئالموت[٢] و مەغۆلەکان و لەشکرکێشییەکانی بۆ سەر ناوچە کوردییەکانی ژێر قەلەمڕەوی مەلیک (الاشرف ئەیوبی) لە خەلات و دەوروبەری (آشتیابی، ١٣٨٩ ،٣٣٤-٣٣٨) دەستکەوتێکی ئەوتۆی بۆ کوکبوری پێ دەستەبەر نەبوو کە دڵی خۆی و (عمادالدین زەنگی سێیەم)ی زاواکەی پێ خۆش بکات بە وەرگرتنەوەی تەختی حوکمڕانی ئەتابەگیەی موسڵ.

**باسی دووەم: پەیوەندیی دەوڵەتی خوارزمی لەگەڵ میرە ئەیوبییەکان.**

گومان لەوەدانییە هاتنەئارای پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش بنیاددەنرێت لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و سەربازی ...، بەڕەچاوکردنی بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکی.

سەرەتای مێژووی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی خوارزمی و ئەیوبییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەلیک (العادل الایوبی) (٥٩٦-٦١٥ک/١١٩٩-١٢١٨ز)و هاوسەردەمی خۆی لە دەوڵەتی خوارزمی سوڵتان (علاءالدین محمد خوارزمشا) (٥٩٦-٦١٧ک/١١٩٩-١٢٢٠ز)، سالی(٦١٥ک/١٢١٨ز) کە نێردراوی خوارزمشا گەیشتە لای مەلیک (العادل) (سبط ابن

الجوزی، ۱۱۹۳، ۲۲۸/۲۲؛ ابو شامة، ۲۰۰۲، ١٦٦/٥) لە مەرج سەفەر[٣]، بێ ئەوەی سەرچاوەکان ئاماژەیەک بخەنە سەر ئامانجی ئەو سەردانەی شاندی خوارزمشا و ناوهێنانی ئەندامانی شاندەکە، بەڵام ئەوەی لێی دەخوێندرێتەوە ئەوەیە کە خوارزمشا ئامانجی بنیادنانی پەیوەندییەکی باش و پتەو بووبێت لەگەڵ ناوبراو لە دژی دوژمنەکەی خەلیفەی دەوڵەتی عەباسی (ناصر لدين‌الله) دوای شکستە گەورە و مێژووییەکەی ساڵی (٦١٤ک /١٢١٧ز) لە شاڵاوەکەیدا بۆ گرتنی بەغدای پایتەخت و ڕووخاندنی دەوڵەتی عەباسی (الغريبى، ١٩٩٦، ٤٤).

لە وەڵامی شاندەکەی خوارزمشادا مەلیک (العادل الايوبى) شاندێکی ڕەوانەی دەوڵەتی خوارزمی کرد کە پێکهاتبوون لە (جمال‌الدين محمد دولعى شافعى) وتاربێژی مزگەوتی دیمەشق و (نجم‌الدين خەلیل کوڕی عەلی حەنەفی) قازی سەربازی، بەڵام کە شاندەکە گەیشتە شاری هەمەدان نەیان توانی چاویان بە خوارزمشا بکەوێت بەهۆی سەرقاڵی بە جەنگی قەرەخەتائی[٤] و مەغۆلەکان لە ڕۆژهەڵاتی وڵات بەڵام چاویان بە (جلال‌الدين)ی کوڕی کەوت و لەگەڵی کۆبوونەوە، لە هەمان کاتیشدا هەواڵی کۆچی دوایی مەلیک (العادل)یان پێ گەیشت بۆیە دەستبەجێ گەڕانەوە دیمەشق (سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٢٢٨/٢٢؛ ابو شامة، ٢٠٠٢، ١٦٦/٥ ).

لە دوای کۆچی دوایی مەلیک (العادل الايوبى) ساڵی (٦١٥ک/١٢١٨ز) بۆ ماوەی چەند ساڵێک پچڕانێک لە ناردنی شاند و نامە گۆڕینەوەی نێوانیان دروستبوو، ئەمەش دیارە هۆکارەکەی بۆ سەرقاڵیی دەوڵەتی خوارزمی بە شاڵاوی وێرانکاریی مەغۆلەکان دەگەڕێتەوە بۆسەریان لە لایەک (ابن الاثير،٢٠٠٣،١٠/٣٩٩؛ النسوى، ١٩٥٣، ١٨٩)، لەلایەکی دیکە، سەرقاڵیی ئەیوبییەکان بە شاڵاو و هێرشکاری خاچییەکان بۆ سەر میسر و قودس و دومیات و ناوچەکانی دیکەی دەوڵەتی ئیسلامی (ابو فداء،

١٩٩٩، ١٥٢/٣؛ ابن الكثير، ٢٠١٠، ٩٨/١٥)، هەروەها ناکۆکی و ناتەبایی میرە ئەیوبییەکان لەسەر زێدەڕۆیی و دەستدرێژیکردنەسەر موڵکەکانی یەکتر پاڵنەرێکی نەگریسی تەماعکاریی ترە کە بەربەستی دەنایەوە لەبەردەمیان وەکو پێویست نەتوانن بپرژێنە سەر پەیوەندیی دیبلۆماسی لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکانی ناوچەکە (ابن الواصل، ١٩٥٣، ٢٣/٤).

هەڵبەتە دەوڵەتی خوارزمی کە لەسەر دەستی مەغۆلەکان دووچاری شکستیەکی مێژوویی ببوو، هەروەها ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لەو ماوەیەدا لە نەهامەتییەکی مەرگەسات ئامێز دەیگوزەراند، بەڵام دوابەدوای وەرگرتنی تەختی دەسەڵات لەلایەن (جلال‌الدین منکبرتی) و گەڕانەوەی لە وڵاتی هندستان ساڵی (٦٢١ک/١٢٢٤ز) (القزوینی، ١٣١٥، ١١٧) هەڵپەی خستنەوە سەرپێی دەوڵەتی خوارزمی بۆ جارێکی دیکە و باڵکێشان بەسەر ئێران تا ئازربایجان و (ابو فداء، ١٩٩٩، ١٦٧/٣) هێز و دەسەڵاتێکی زەبەلاح لە وڵاتی ئێران پێکەوە بنێ، سنووری دەوڵەتەکەی لە سنووری دەوڵەتی ئەیوبی نزیکببێتەوە و ببن بە دراوسێی یەکتر، بە تایبەتی لە نزیک شاری خەلاتی سەر بە فەرمانڕەوایەتی مەلیک (الاشرف الایوبی) (الرهاوی المجهول، ١٩٨٦، ٢٦١/٢).

دوای ئەوەی سنووری دەوڵەتەکەی بەڕادەیەک فراوان بوو لە پانتاییەکی گەورەی هەرێمەکانی فارس و کرمان و چیا (عێراقی عەجەم)(٥) و ئازربایجان، یەکەمین هەنگاوی دیبلۆماسی منکبرتی کە گرتیەبەر بریتی بوو لە ناردنی نامە و پەیامی خۆی بۆ پاشاکانی سەلجوقی ڕۆم و شام و جەزیرە دوای کۆتاییهێنان بە حوکمڕانیی ئەتابەگییەی ئیلدگزی لە ئازربایجان ساڵی (٦٢٢ک/١٢٢٥ز)( المؤلف مجهول، ٢٠١٠،٢٦٠).

ناکۆکی و ناتەبایی هەریەک لە مەلیک (معظم عیسی) سەرداری دیمەشق لەگەڵ مەلیک (الکامل) فەرمانڕەوای میسر و مەلیک (الاشرف) سەرداری خەلات و جەزیرە (ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٤٦٨/١٠-٤٦٩)، نزیکی و

هاوسۆزیی ئەو دوو مەلیکە بۆ یەکتری کاریگەریی نەرێنی لەسەر هەست و سۆزی مەلیک (معظم) دروست کرد بەوەی کە دڕدۆنگی و مەترسی لێیان هەبێ لە پەلدرێژیی سەر سنوورەکانی ئەو و بەرژەوەندییەکانی بخەنە مەترسی، بۆیە ئەویش لەلای خۆی بەدوای هێزێکی کاریگەردا وێڵ بوو کە ببێتە هاوپەیمانی تاوەکو گوشار بخاتە سەر براکانی و لە بەرانبەریاندا بوەستێ و دڕک بخاتە قوڕگیان، هەڵبەتە ئەمە ویستی منکبرتیش بوو لەم بارودۆخە کە دەیگوزەراند گەرەک بوو کەوا هاوپەیمانی و ڕێککەوتنی لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکاندا هەبێ.

ئەوەبوو لە ساڵی (٦٢٣ک/١٢٢٦ز) لەم پێناوەدا نێردراو و نامە گۆڕینەوە لە نێوان هەریەک لە سوڵتان (منکبرتی و مەلیک معظم و کوکبوری) سەرداری هەولێر هاتە ئاراوە (ابن الواصل، ١٩٥٣، ١٧٥/٤)، بەپێی ئاماژەی (سبط ابن الجوزی) ((لە ساڵی ٦٢١ک/١٢٢٤ز جلال‌الدین خوارزمشا لە ئازربایجان دەرکەوت و دەستی بەسەردا گرت، معظم نێردراوی خۆی ناردە لای کە سۆفییێک بوو بە ناوی (الملقی صوفی) لەگەڵ نامەیەک، معظم و کوکبوری لەگەڵی ڕێککەوتن لە دژی الاشرف، هەروەها کوڕەکەشی (ناصرالدین داود)ی ناردە لای سەرداری هەولێر وەکو بارمتە)) (٢٠١٣، ١٣٥/٢٢)، دیارە (أبو شامە)ش هەمان بۆچوونی خستۆتەڕوو لە هەمان ساڵدا (٢٠٠٢، ٢١٤/٥)، ئەمەش ڕێی تێدەچێت بەو پێیەی کە منکبرتی داقوقی داگیرکرد ساڵی (٦٢٢ک/١٢٢٥ز) نامەی بۆ مەلیک (معظم) نارد کە بەیەکەوە هێرش بکەنە سەر خەلیفە بە بیانووی ئەوەی کە هۆکاری لەناوچوونی باوکی و هاتنی کافرەکان (مەغۆلەکان) بووە بۆ وڵاتی موسوڵمانان، مەلیک (معظم)یش ئامادەیی دەردەبڕێ بۆ هەر کارێک تەنها شەڕی خەلیفە نەبێ چونکە پێشەوای موسوڵمانانە (سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٢٢٧٣/٢٢؛ ابو شامة، ٢٠٠٢، ٢١٧/٥)، لە ئاماژەیەکی تردا هاتووە کەوا لە سۆنگەی ئەم پەیوەندییەی لە نێوان مەلیک (معظم و

سوڵتان منكبرتی) جێ پێی گرتبوو ناردنی دیاری بەنرخ بوو بۆ یەكتری (الرهاوی المجهول، ١٩٨٧، ٢٦١/٢).

شایانی باسە ڕێككەوتن و دۆستایەتیی ئەم سێ لایەنە، هێزە ئیسلامییەكانی ئەو ناوچەیەی دابەشی سەر دوو بەرەی دژ بە یەكدی كرد، بەرەی یەكەم بریتی بوون لە (خەلیفەی عەباسی و بدرالدین لؤلؤ ئەتابەگی موسڵ و مەلیك شهاب‌الدین غازی سەرداری میافارقین و مەلیك الاشرف). بەرەی دووەمیش بریتی بوون لە (سوڵتانی خوارزمی و مەلیك معظم عیسی و مظفرالدین كوكبوری و عمادالدین زەنگی سەرداری شارەزوور، پاشان مەلیك مسعود الارتقی سەرداری ئامەد و ناصرالدین الارتقی سەرداری ماردین) هاتنە پاڵیان (حسین، ٢٠١٠، ١٨٧).

دەرەنجامی ئەو دووبەرەكی و چوونەپاڵیەكتریەی هێزەكان هێرشكردن و پەلاماردانی بۆ سەر ناوچەكانی یەكتری لێكەوتەوە (ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٤٦٢/١٠؛ ابن الواصل، ١٩٥٣، ١٧٦/٤)، دووبەرەكی و دووژمنكاریماڵی ئەیووبی بەوەشەوە نەوەستا، بەڵكو كار گەیشتە ئەو قۆناغەی كە مەلیك (الكامل) لە دژی مەلیك (معظم)ی برای پەنا بباتە بەر هاندانی خاچدوروشمان بۆ پەلاماردان و داگیركردنی وڵاتی شام و ناوچە كەناراویەكانی (بیت المقدس) و هەموو ئەو ناوچانەی كە سوڵتان (صلاح‌الدین) ئەیوبی ڕزگاری كردبوون (ابن العمید، د.ت، ١٤)، بەو پێیەی كە مەلیك (معظم) داوای لە سوڵتان (جلال‌الدینی) خوارزمی كردبوو هێرش بكاتە سەر خەلات و تالآنی بكات (الرهاوی المجهول، ١٩٨٧، ٢٦٠/٢).

شایانی باسە ئەو پەیوەندی و دۆستایەتییەی نێوان (سوڵتان جلال‌الدین و مەلیك معظم) هێندە تەمەن درێژ نەبوو، چونكە بەخت نەبووە یاوەری (معظم)، هەرزوو مەرگ ڕێگەی پێگرت و ساڵی (٦٢٤ك/١٢٢٧ز) لە تەمەنی چل و نۆ ساڵی لە قەڵای دیمەشق كۆچی دوایی كرد (بیبرس

منصوری، ١٩٩٣، ٧؛ ابن سباط، ١٩٩٣، ٢٩١/١)، کوڕەکەی مەلیک (ناصر داود) (٦٢٤-٦٥٦ک/١٢٢٧-١٢٥٨ز) شوێنی گرتەوە کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو و کەسێکی نەشارەزا و بێئەزموون بوو لە حوکمڕانیدا (ابن الاثیر، ٢٠٠٣،٤٧٤/١٠)، بۆیە مەلیک (الاشرف) چاوی بڕیە سەر دیمەشق و بە موڵکەکانی خۆیەوە لکاندی (الرهاوی المجهول، ١٩٨٧، ٢٦٠/٢).

بەڵام ئەوەی پێوستە کە لەسەری بوەستین لەم پەیوەندییەی سوڵتانی خوارزمی و ئەیوبییەکان دوای مردنی مەلیک (معظم)ی هاوپەیمانی دۆخەکە پێی نایە قۆناغێکی دژواری لەشکرکێشی و پەلاماردانی ناوچەکانی ژێر قەلەمڕەوی مەلیک (الاشرف) لە خەلات و دەوروبەری هەر لە ساڵی (٦٢٣-٦٢٧ک/١٢٢٦-١٢٣٠ز) پێنج جار شاڵاو و لەشکرکێشی کردۆتە سەر ئەو شارە (الذهبی، ١٩٨٥، ١٩٨/٣؛ الیافعی، ١٩٩٧ ، ٥٢/٤؛ بهرامی نیا، ٢٠٠٩، ٢١١)، کە تێیدا مەرگەسات و وێرانکارییەکی ئاوای بۆ دانیشتوانی ناوچەکە ئافراند، بەڵکو بە یەکێک لە نەهامەتییە مێژووییەکان دراوەتە قەڵەم (هەروتی، ٢٠١٥، ٢٢٩ ).

بەمەش منکبرتی بووە مایەی هەڕەشە بۆ سەر مەلیک (الاشرف) و سەلجووقییەکانی ڕۆم، بۆیە لە دژی ڕێککەوتن و ڕووبەڕووی بوونەوە و تێکیان شکاند (مجهول، ٢٠١٠، ٣٨٥)، سوپاکەی لاواز بوو وازی لە پەلاماردان هێنا، بە داوای مەلیک (الاشرف) ڕازی بوو بۆ ئاشتی بەهۆی نزیکبوونەوەی مەغۆل (ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٤٨٧/١٠؛ ابن العبری، ١٩٨٦، ٢٧٥).

## باسی سێیەم: پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان کورد و خوارزمییەکان

ئەم پەیوەندییە لە چوارچێوەی هەڵمەتە سەربازییەکانی خوارزمی بۆ ناوچە کوردییەکان هاتە ئاراوە، لە پێناو سەپاندنی دەسەڵات و داکوتانی ڕەگی حوکمداریی خوارزمی و خۆشکردنی جێپێیان. ئەمەش خۆی لە

چەند هاوسەرگیری و ژن و ژنخوازی لە نێوان دەسەڵاتدارەکانی هەردوولادا دەدۆزێتەوە، کە لە فەرهەنگی مێژوویدا بە هاوسەرگیریی سیاسی ناوزەدکراوە.

بنەما و ڕەگ و ڕیشەی ئەو جۆرە پەیوەندییانە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای فراوانخوازیی خوارزمییەکان لە سەردەمی سوڵتان (علاءهالدین تکش) کە لە ساڵی (٥٩٠ک/١١٩٥) دەستی بەسەر هەرێمی چیا (عێراقی عەجەم)دا گرت ( ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٢٣٣/١٠؛ ابن خلدون، ٢٠٠٠، ١٢٧/٥)، لوڕستانیش کە بەشێک بوو لەو هەرێمە (ابن حوقل، ١٩٣٦، ٢٣٢، ٣٠٦) بە تایبەتی لە سەردەمی هەزار ئەسپی میری میرنشینەکە (٥٥٥-٦٢٢ک/١١٦٠-١١٢٥ز)، کە ملکەچی و هاوسۆزی خۆی بۆ دەربڕی بۆئەوەی لە دەسەڵاتداری و حوکمڕانیی میرنشینەکەی بەردەوام بێت (الداودی، ١٩٩٤، ٧٤)، هەر لە سۆنگەی ئەم هاوسۆزییەدا دۆستایەتی لەگەڵ سوڵتان (علاءدالین محمد)ی کوڕی پەیداکرد، کچەکەی خۆشی پێشکەش بە (غیاثالدین)ی کوڕی کرد ئەویش هاوسەرگیری لەگەڵ ئەنجامدا (زەکی بەگ، ٢٠١٨، ٤٧٧)، لە میانی ئەو پەیوەندییەی نێوانیاندا لە ساڵی (٦١٩ک/١٢٢٢) هەردوو سوپای فەزلەوی و خوارزمی بە سەرکردایەتی سوڵتان (غیاثالدین) شاڵاوێکی مەغۆلەکانیان تێکشکاند کە کردبوویانە سەر ئێران (ئەنوەر، ٢٠١٥، ١٩٨)، لە دوای گەڕانەوەی سوڵتان (جلالالدین منکبرتی)ش لە هیندستان کە دەستی بەسەر هەرێمەکانی خوزستان و چیادا گرت توانی گوێڕایەڵیی کوردەکانی لوڕستان مسۆگەر بکات (ابوفداء، ٢٠٠٣، ١٦٧/٣).

یەکێکی تر لەو هاوسەرگیرییانەی کەوا لە نێوان دەسەڵاتدارانی خوارزمی و کوردیدا ڕوویداوە شووکردنی کچی مەلیک (معظم عیسی) بوو بە (جلالالدین منکبرتی) سوڵتانی دەوڵەتی خوارزم (الیونینی، ١٩٥٤،

١٤٠/١)، ئەمەش دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتن و هاوپەیمانێتییەی کەوا لە نێوانیاندا قەراری گرتبوو وەک لە پێشتر ئاماژەی پێکراوە.

دیارە ئەمەش بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوانیان و سوودوەرگرتن لە هێز و سەڵتەنەتی سوڵتان منکبرتی لە دژی براکانی (مەلیک الکامل و مەلیک الاشرف) ئەوە بوو مەلیک (معظم) هەڵسا بە ئامادەکردنی (دارمرشد)ی کچی گەورەی بۆ هاوسەرگیریکردن لەگەڵ سوڵتانی خوارزم (النویری، د.ت، ١٥١/٢٩؛ توفیق، ٢٠١٥، ٩٨)، لە ڕاستیدا سوڵتان منکبرتیش لە لای خۆی ئاواتی ئەوە بوو کە گرنگی بەم پەیوەندییە بدات بۆ ئەمەش گەورە نێردراوێکی خۆی ناردە لای مەلیک (معظم)ی خەزووری بە کۆمەڵێ دیاریی بەنرخی وەک شمشێر و شتی تر (ابن نظیف الحموی، ١٩٨١، ١٢٠-١٢١)، دیارە مەبەستی منکبرتیش لەم هاوسەرگیرییە بۆ مسۆگەرکردنی پاڵپشتی مەلیک (معظم) بووە لە دژی خەلیفە (ناصرالدین‌الله) ( صبرة، ١٩٨٧، ٢٤٥) هەرچەندە بۆ ناوبراو زۆر ئەستەم بووە، کە دژی خەلیفەی موسوڵمانان بوەستێ.

دیارە ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی خوارزمی و ئەیوبییەکان بەردەوامی هەبووە کاتێک کە مەلیک (صالح نجم‌الدین) (٦٣٧-٦٤٨ک/١٢٤٠-١٢٥١ز) سوڵتانی میسر هەوڵیدا پەیوەندی لەگەڵ خوارزمییەکان پەرەپێبدات و خزمایەتییان لە نێواندا بێنێتە دی، ئەویش ئەنجامدانی پڕۆسەیەکی هاوسەرگیری بوو لە ساڵی (٦٣٥ک/١٢٣٨ز) کە مەلیک (صالح) خوشکی خۆی لە دایکیەوە بدات بە (برکةخان)ی گەورە میری خوارزمییەکان و کچی ناوبراویش بۆ (مغیث‌الدین عمر)ی کوڕی بخوازێت، لەم ڕێگەیەوە بتوانێ پەیوەندییەکان زیاتر توندوتۆڵ بکات و پاڵپشتی و هاوسۆزیی خوارزمییەکان بۆ لای خۆی گەرم و گوڕتر بکات (ابن العمید، د. ت، ٢٧؛ المقریزی، ١٩٩٧، ٣٩١/١)، شایەنی باسە ئەم پڕۆسەیەی ژنخوازییە کە بەخشینی خوشکی مەلیک (صالح) بە (برکەخان)

بەئەنجامگەیشت، بەڵام هیچ ئاماژەیەک نییە لەسەر ئەوەی کە کچی ناوبراو بە (مغیثالدین عمر) درابێت (توفیق، ٢٠١٥، ١٠٠).

لە درێژەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە نێوان خوارزمی و ئەیوبییەکان بوونی هەبوو، هاوسەرگیریکردنی مەلیک (شهابالدین غازی) سەرداری میافارقین بوو لەگەڵ  کچی مامی (ئامۆزا) (حیسامالدین برکەخان)ی گەورە سەرکردەی خوارزمییەکان لە ساڵی (٦٣٩ک/ ١٢٤١ز) (الذهبی، ١٩٩٨، ٤٦/٤٦)، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەی کە لە نێوان ئەو دوو هێزە هاتە ئاراوە لەو ساڵەدا بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی یەکتر (سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٣٧٤/٢٢)، دیارە ئەوەی بەلای (مظفر شهابالدین) گرنگ بووە کە پەیوەندی لەگەڵ خوارزمییەکان بەتین و موکوم بکات، بوونی ژمارەیەکی زۆری سەربازی ئازا و ڕاهاتوو لە جەنگ بۆ دەستەبەرکردنی هێز و توانایەکی گەورە بووە لە بەرانبەر سەلجووقی ڕۆم و حەلەبیەکان (الذهبی، ١٩٩٨، ٤٦/٤٦)، کە ساڵی (٦٣٨ک/١٢٤٠ز) دەستیان بەسەر ئامەددا گرتبوو (العمری،١٩٧١، ٢١٠/٢٧. ابن الوردی ، ١٩٩٦، ١٦٦/٢)، بەو پێیەی کە ناوبراو لەو ماوەیەدا لەگەڵ مەلیک مەنسوری کوڕی مەلیک موجاهیدی سەرداری حمس و مەلیک (ناصر کوڕی عبدلعزیز)ی فەرمانڕەوای حەلەب لە ململانێیەکی توندابوو (ابن العمید، د. ت، ٣٢).

لە زنجیرەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کەوا ئەیوبییەکان لەگەڵ خوارزمییەکان پێکیاندەهێنا، کە مەرام و بەرژەوندیی سیاسی لەپشت بوو، ساڵی (٦٤٤ک/١٢٤٦ز) دوای تێکشکانی خوارزمییەکان بەرانبەر هاوپەیمانییەتی مەلیکەکانی میسر و شام لە دژی مەلیک (صالح اسماعیل) سەرداری دیمەشق و خوارزمییەکان، لە شەڕی نزیک دەریاچەی حمس و پەرتەوازە بوونی خوارزمییەکان و کوژرانی (برکەخان)ی سەرکردەیان، بەشێکیان پەیوەندییان بە مەلیک (ناصر داود)ی سەرداری کەڕکەوە کرد،

ناوبراویش بۆ زیاتر پەیوستکردنیان بە خۆیەوە و سوودوەرگرتن لە توانا سەربازییەکانیان هەڵسا بە ئەنجامدانی پەیوەندییەکی هاوسەرگیری لەگەڵیان واتە ژنێکی لێ خواستن و نێوانی لەگەڵ توندوتۆڵ کردن (سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٢٩٦/٢٢؛ النویری، د.ت، ٢٠٨/٢٩؛ المقریزی، ١٩٩٧، ٤٢٧/١)، لە دوای ئەم ڕووداوانەدا مەلیک (ناصر) لە هەڵمەتێکیدا بۆ سەر نابلس و قودس بە پشتیوانیی خوارزمییەکان توانی دەستی بەسەردا بگرێت (سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٢٩٦/٢٢؛ النویری، د.ت، ٢٠٨/٢٩)، دیارە ئەم هەڵوێستەی مەلیک (ناصر داود) لەلای مەلیک (صالح نجم‌الدین) جێگای قبووڵ نەبووە بۆیە  هەڵسا بە ناردنی سوپایەک بە سەرکردایەتی (فخرالدین یوسف کوڕی شێخ ئەلشیوخ) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، لە دەرەنجامدا سوپای مەلیک (صالح) توانی بەسەریدا زاڵبێت و تەواوی ناوچەکانی گرتبوونی وەک نابلس و قودس و شوێنانی دیکە لێیان وەربگرێتەوە (ابن الواصل، ١٩٥٣، ٣٦٣/٥-٣٦٤)، هەروەها گەمارۆشیان خستە سەر شاری کەڕک (ابو الفداء، ١٩٩٩، ٢١٣/٣؛ العمری، ١٩٧١، ٢١٩/٢٧؛ ابن الوردی، ١٩٩٦، ١٧٢/٢) و گوشاریان خستە سەر مەلیک (ناصر داود) کە خوارزمییەکان ڕادەست بکات ئەوانیش دەست لە گەمارۆکە هەڵدەگرن، مەلیک (ناصر)یش پێشنیارەکەی جێبەجێکردن (النویری، د.ت، ٢٠٨/٢٩).

لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێ و مایەی هەڵوەستەیە لە خستنەڕووی پەیوندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان دەسەڵاتدارانی هەردوولا لە پێناوی دەستەبەرکردنی مەرامە سیاسییەکانیان پەنایان بۆ بردووە، ئەمەش بەپێی هەلومەرج و بارودۆخی ئەو کاتەی کە خۆی لە بەرژەوەندییەکانیاندا دەدۆزیەوە، بەڵام بۆ شۆڕکردنەوەی پەیوەندییەکان بۆ ناخی چینی گشتی ئاماژەیەکی ئەوتۆمان دەستنەکەوتووە کە گوزارشت لە پەیوندیی نێوان ئەو دوو نەتەوەیە بکات جگە لەوەی کە باسکراوە، دەشێ هۆکاری ئەمەش بگەڕێنینەوە بۆ ئەو ڕەفتار و مامەڵەی کەوا خوارزمییەکان هەر لە

سەرەتای شاڵاوەکانیان بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە پێناو داکوتانی ڕەگی دەسەڵاتیان، دەستدرێژی کردنە سەر سامان و دارایی و ئەنجامدانی ڕەفتاری نەشیاو و ئابڕوبەرانە لە دیارترین ئەو فاکتەرانەبن کە دەسەڵاتی خوارزمییان قبووڵ نەبووبێ ئینجا چۆن پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ خۆش بکەن دەبینین ئاماژەکان وامان بۆ ڕووندەکەنەوە بەر لە هەڵکوتانە سەر شارە کوردییەکان خەڵکی شار دەستیان بە قایم کاری شورە و قەڵاکانیان کردووە و بەو پەڕی فیداکاری بەرگریان لە شارەکانیان کردووە (ابن الاثیر،٢٠٠٣،٤٤٤/١٠، ٤٦٧).

## باسی چوارەم: چۆنیەتیی کوژرانی جلال الدین خوارزمی لەلایەن کوردان

دوای ئەوەی کەوا سوڵتان (جلالالدین) لە ساڵی (٦٢٧ک/١٢٣١) لە ئەنجامی هاوپەیمانیەتی سەلجووقییانی ڕۆم و ئەیوبی دووچاری شکستێکی گەورە هات لە شاری خەلات (ابن العدیم، ١٩٩٦، ٤٨٧؛ الرهاو المجهول، ٢٦٤/٢،١٩٨٦)، هێزەکانی خۆی کێشایەوە ئازربایجان، ئەم دۆخەی سوڵتان لەو هەڵومەرجەدا کە بەرۆکی گرتبوو کاریگەریی نەرێنی لەسەر داهاتووی خۆی و دەوڵەتەکەی هێنایە بوون، بەو پێیەی کەوا مەغۆلەکان هەڕەشەیەکی بەردەوام و مەترسیداری سەر دەوڵەتی خوارزمی و جیهانی ئیسلامی بوون. دیارە لەدەستدانی خەلات و تێکشکانی سوپاکەی لەو هەرێمە پاڵنەری بەهێزبوون کەوا ئیسماعیلییەکانی ئاڵموت هەواڵی شکستی (جلالالدین) بە مەغۆلەکان بدەن و هانیان بدەن کە دەرفەتی لاوازی سوپاکەی خوارزمی بقۆزنەوە و شاڵاوێکی تری بکەنە سەر (ابن الواصل، ١٩٥٣، ٣١٥/٤-٣١٦؛ السرجانی، ٢٠٠٦، ٨٤)، لە تۆڵەی هەڵمەتە سەربازییەکانی خوارزمی ساڵی (٦٢٤ک/١٢٢٧ز) کە تەنگیان پێ هەڵچنرابوو، کوشتن و گرتنی ئافرەت و منداڵ و تاڵانکاری و کاولکارییەکی زۆریان بەرانبەر کرابوو، پێشتریش لە سەردەمی سوڵتان (علاءالدین محمد)ی باوکی ناچارکرابوون بە

ملکەچبوون و لێسەندنی باج و سەرانەی ساڵانە (ابن الواصل، ١٩٥٣، ٤/ ٣١٧؛ میرخواند، د. ت، ٦٤٠/٢).

ئەو بارودۆخەی منکبرتی کە دووچاری بوو بوو وەکو دەرفەتێکی زێڕین بۆ مەغۆلەکان هاتە پێش، گروپێکیان لە هەرێمی (ماوراء النهر)ەوە ڕوویان لە ئێران کرد، توانیان دەست بەسەر شارەکانی ڕەی و هەمەدان و هەموو ئەو ناوچانەدا بگرن کە دەکەوتنە سەر ڕێگایان، پاشان کشان بەرەو ئازەربایجان، لە تاڵانکرن و وێرانکاری ناوچەکان و جینۆسادی دانیشتوان دەستیان نەپاراست و درێغیان نەکرد (ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٤٩١/١٠)، دیارە مەغۆلەکان سوودیان لە لاوازی سوپای خوارزمی بینیوە بەهۆی هەڵگەڕانەوەی (غیاثالدین)ی برای و (شرفالملک)ی وەزیرەکەی بۆیە بەسوپایەکی سی هەزار کەسی لە ڕوباری جەیحون پەڕینەوەو زۆر بەخێرایی هەرێمی خوراسانیان تێپەڕاند بەرەو ڕۆژئاوای ناوچەکە ساڵی (٦٢٨ک/١٢٣١ز) گەیشتنە ئازربایجان (فهمی، ١٩٨١، ٩٠).

هەرچەندە سوڵتان (جلالالدین) لەگەڵ لایەنە ئیسلامییەکان ناتەبا بوو بەڵام کار گەیشتە ئەوەی کەوا پەنا بباتە بەر نامەونامەکاری و داواکاری لە خەلیفە (المستنصر بالله و مەلیک الاشرف الایوبی و سوڵتان علاءالدین کیقوبادی سەلجوقی ڕۆم و حوکمڕانەکانی میافارقین و ئامەد و حوکمڕانانی تری وڵاتی ئیسلامی)  کە بە هانایەوە بچن و سوپای بۆ بنێرن تا بەیەکەوە بەرەنگاریی داگیرکاری مەغۆلی ببنەوە کە هەڕەشە و مەترسییەکی گەورەبوو لەسەر جیهانی ئیسلامی، هەروەکو لە دەقی نامەکەیدا دەڵێت: ((سوپایەکی زۆر و زەوەندی تەتار وەک مێروو و مار لە زۆری و دڕیدا بەرەو ڕومان بەڕێکەوتووە، ئەگەر لێی گەڕێین و بەگژیدا نەچینەوە ئەوا قەڵا و شارەکان ناتوانن خۆی لەبەرڕاگرن، ترس و تۆقاندن کەوتۆتە هەناوی دانیشتوانی ئەم هەرێمەوە، ئەگەر بروخێم  نێوانی ئێوە و ئەوان خاڵی دەبێت، ئێوە ناتوانن بەر بەم دوژمنە بگرن، کەواتە من بۆ

ئێوە لە جیاتی بەربەستێکم، هەر یەکێک لە ئێوە با بە پۆلە سەربازێکەوە بە هاوارمانەوە بێت، هەر کە هەواڵی ڕێککەوتن و یەکگرتنی ئێمەیان پێگەیشت بەمە هێزوپێزیان لاواز دەبێ و پشتیان دەشکێ، سەربازانی ئێمەش گیانی غیرەتیان بەبەردا دەکرێتەوە و بەسەریاندا سەردەکەوین)) (الهمذانی، د. ت، ٤٤/١؛ الصلابی، ٢٠٠٩، ١٨٩-١٩٠)، بەڵام هیچیان وەڵامیان نەدایەوە و بەهانایەوە نەچوون (الهمذانی، د. ت، ٤٤/١؛ سلیم، ٢٠٠٠، ٢٩-٣٠)، دیارە ئەمەش هۆکارەکەی بۆ پەیوندیی نالەباری دەوڵەتی خوارزمی و سوڵتان (جلال‌الدین) دەگەڕێتەوە لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکان لە ڕابردوودا وەک لە پێشتر ئاماژەی پێکراوە.

مەغۆلەکان دەستیان بەسەر شاری مەراغەدا گرت، دوای ئەوەی دانیشتوانی شار بڕیاری گوێڕایەڵی و ڕادەستکردنی شاریاندا لە بەرانبەر پێدانی ئەمان (علی، ١٩٩٢، ٥٣) بەڵام هێزی ناوبراو دەستیان بە کوشتن و لەناوبردنی ئاکنجییەکانی شار و کاولکاری و تالانکاریی ماڵ و سامانی خەڵکی کرد، ترس و دڵەڕاوکێی زۆریان لە تەواوی هەرێمەکە بڵاوکردەوە (ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٤٩١/١٠؛ ابن الواصل، ١٩٥٣، ٣٢٠/٤)، ئەمەش فشارێکی زۆری لەسەر سوڵتان (جلال‌الدین) دروستکرد، کە نەیتوانی لەو هەرێمە بمێنێتەوە، بەڵکو بیری لە بەجێهێشتنی کردەوە و ڕایکرد بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان (حمدالله مستوفی، د. ت، ٥٠٠)، لە ئاماژەیەکدا هاتووە سوڵتانی خوارزم لە نزیک ئورمیە و شنۆ ئۆردووی هەڵدابوو هێزێکی گەورەی مەغۆلەکان پەلاماریاندا کە سەرخۆش و بێئاگا لێی خەوتبوو نیازی ئەوەی هەبووە پەنا بباتە بەر سوڵتان (مظفرالدین کوکبوری) لە هەولێر، بەڵام لەگەڵ پەلاماری مەغۆلەکان هێزەکەی پەرت و بڵاوبوون و خۆشی بەتەنیا لە دەستیان دەرباز بوو (خوافی، ١٣٨٤، ٧٧٧/٢)، سەرەتا ڕووی کردە خەلات، بەڵام ئەم جارەیان بە خەلاتیەکانی ڕاگەیاند کە بۆ شەڕکردن نەهاتووە بۆ هەرێمەکەیان بەڵکو بۆ ڕزگاربوون لە دەستی مەغۆلەکانی هەڵاتووە، داوای یارمەتی لێکردن لە ڕێگەی نامەیەک بۆ

بریکاری مەلیک (الاشرف) ئەیوبی لە بەڕێوەبردنی خەلات (ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٤٩٢/١٠؛ علی، ٤٧،١٩٩٢).

لە مانگی ڕەمەزاندا مەغۆلەکان بەدوایەوە بوون سوڵتان توانی لەدەستیان ڕابکات و پەنا بباتە بەر شاری ئامەد بەو پێیەی فەرمانڕەوای شارەکە مەلیک (مسعود) ئەرتەقی بەڵێنی پێدابوو کە پەنای بدا، بەڵام لە بەڵێنەکەی پاشگەز بۆوە و ناپاکی لەگەڵ کرد بەوەی کە دەرگای شاری بەڕوودا داخست و بەوەشەوە وازیان لێ نەهێنا بەڵکو بە بەردبارانکردن لەسەر شوورەی شار و سوکایەتیپێکردن دەریانکرد و لە ئامەدیان دوورخستەوە (سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٣٠٨/٢٢-٣٠٩)، کە سوڵتان لە هانا و یارمەتی ئامەد بێ ئومێد بوو، ڕووی کردە چیاکانی دەوروبەری میافارقین و گەیشتە گوندێکی سەر بە شاری ناوبراو (سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٣٠٩/٢٢)، بەپێی ئاماژەی (ابن الواصل) ویستی بچێتە لای مەلیک (مظفر شهابالدین غازی) سەرداری میافارقین بۆ خۆ پەنادان و ونبوون لە چاوی مەغۆلەکان، (أوترخان)ی سەرکردەی سەربازی سوڵتان هاوکات خاڵیشی بوو لێی جیاببۆوە و ڕۆیشتبوو بۆ لای (شهابالدین غازی) (١٩٥٣، ٣٢٢/٤؛ بەهرامی نیا، ٢٠٠٨، ٢١٢)، بەڵام بەپێی ئاماژەی (حمدالله مستوفی) داوای لە کوردێک کردووە بیگەیەنێتە لای (مظفرالدین کوکبوری) لە هەولێر (د . ت، ٥٠٠) لەم ماوەیەدا کۆمەڵێکی سەربازی مەغۆلی نزیکەی بیست و پێنج کەس پێی دەزانن و دوای دەکەون سوڵتانیش دوانیان لێ دەکوژێ و لە دەستیان ڕادەکا خۆشی بەتەنیا دەمێنێتەوە هاوەڵەکانی پەرت و بڵاو دەبن (النسوی، ١٩٥٣، ص٣٨١؛ عبدالستار، ٢٠١٤، ٤٧٧)، خۆی دەکەوێتە دەستی کوردانی ناوچەکە لە گوندێکی سەر بە میافارقین لەلایەن کوردێکەوە دەکوژرێ لە بری خوێنی براکەی کە لە شەڕی داگیرکردنی خەلات لە لایەن (جلالالدین)ەوە کوژرابوو (القزوینی، ١٣١٥، ١١٧؛ ابن تغری البردی، د. ت، ٢٧٥).

کاتێک هەواڵی کوژرانی سوڵتان (جلال‌الدین بە مەلیک الاشرف الایوبی) حوکمڕانی دیمەشق گەیشت، پێی وابوو لەمەودوا دەرەنجامی خراپی و کاریگەری لەناوچوونی ئەو دەبینین لەسەر دەستی مەغۆلەکان، وتی: ((ئەو بەربەستێک بوو لە نێوان ئێمە و تەتەرەکان وەک ئەو بەرەبەستەی لە نێوان ئێمە و یەئجوج و مەئجوجدا))( ابن الکثیر، ٢٠١٠، ١٨٤/١٥). سەبارەت بە مەلیک (شهاب‌الدین غازی) سەرداری میافارقین فەرمانی کرد بکوژەکەی (جلال‌الدین)ی بێننە بەردەمی، کە هێنایان دانی بە کوشتنی سوڵتان ناو ئەسپ و زین و شمشێرەکەشی لەگەڵ خۆی هێنابوو، لە پێشدا ئاماژەمان پێکردبوو کە (أوترخان)ی سەرکردەی سەربازیی خوارزمی و کۆمەڵێک لە دەست و پەیوەندی سوڵتان چووبوونە لای (مظفر شهاب‌الدین) و لە کۆشکەکەی ئەودا نیشتەجێ بووبوون، کە تەرمی سوڵتانیان لە گوندەکە هێنایە لای مەلیک (مظفر شهاب‌الدین)، (أوترخان)ی ڕاسپارد بۆ بینینی ئەویش کە بینی دەستی کرد بەگریان و ڕاستیی کوژرانی سوڵتانی بۆ مەلیک پشتڕاست کردەوە، هەر بەو شەوە تەرمی سوڵتانیان ناشت و گۆڕەکەیان لە ترسی هەڵدانەوە شوێنبزر کرد (سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٣١٢/٢٢؛ سلیم، ٢٠٠٠، ٣٦). پاشان مەلیک (مظفر) فەرمانی کرد بە کوشتنی بکوژەکە و براکەی و کەسە نزیکەکانی و تەنانەت گەورەی گوندەکەش لە تۆڵەی کوشتنی سوڵتان (جلال‌الدین)، هەرچەندە زێدەڕۆیی لە گێڕانەوەی (ابن العمید و الدواداری)دا بەدیدەکرێ کە دەڵێن: (مظفر شهاب‌الدین) فەرمانی کرد بە کوشتنی کۆی خەڵکی گوندەکە بە گەورە و بچووک بۆ تەمبێکردنی خەڵکی (د. ت، ١٧؛ ١٩٧٢، ٣٠٣/٧)، ئەگەرچی ئەمە ناچێتە چوارچێوەی لۆژیک و عەقلانیەتەوە لە تۆڵەی کەسێک گوندێک قەتل و عام بکرێ.

دوابەدوای کوژرانی سوڵتان جلال‌الدین منکبرتی لە ناوەڕاستی شەوالیساڵی (٦٢٨ک/١٢٣١ز) کۆتایی بە دەوڵەتی خوارزمی هات (العبود، ١٩٨٧، ٤١.)، شوێنکەوتە و سەربازەکانیشی پەڕاگەندەی وڵاتەکانی

سەلجووقی ڕۆم و سنووری دەوڵەتی ئەیوبی لە کوردستان و شام و میسر و دەوڵەتی عەباسی بوون (الجوزجانی، ٢٠١٣، ٤٧٦/١؛ صبرة، ١٩٨٧، ٢٦٩)، وەکو ئاماژەمان پێکرد (أوترخان)ی خاڵی سوڵتان و کۆمەڵێک لە دەست و پێوەندەکانی چووبوونە لای مەلیک (مظفر شهاب‌الدین) لە میافارقین، هاوسەرەکەی سوڵتان و نۆکەر و هێزێکی گەورەی سەربازی بەرەو شاری حەڕان ڕۆیشتن و داوایان لە (میر صواب)ی حوکمڕانی جەزیرەی سەر بە مەلیک (الکامل)ی ئەیوبی کرد پەنایان بدات، هەرچەندە لە پێشدا پەنایدان بەڵام لە دواییدا هەڵوێستی نەشیاویان بەرانبەر ئەنجامدان، وەک چەککردنی سەربازەکانیان و لێسەندنی ماڵ و سامانیان و بەندکردنی هاوسەری سوڵتان لە قەڵای حەڕان، پاشان بەرەو دیمەشق بەڕێکراو لەوێ نیشتەجێ کرا (ابن نظیف الحموی، ١٩٨١, ٢٢٩).

دەربارەی دۆستەکەی سوڵتانیش ناوبراو لای هەندێ لە هاوەڵانی دابنابوو، بەڵام کە هەواڵی ونبوونی سوڵتانیان پێگەیشت بردیانە بەغدا و بە دیاری پێشکەش بە خەلیفە (المستنصر بالله)یان کرد، ئەویش تا کۆچی دوایی کرد لە هەموو دۆستەکانی دیکەی باشتر سەیر دەکرد (ابن الواصل، ١٩٥٣، ٣٢٣/٤).

## باسی پێنجەم: پەیوەندیی پاشماوەی سوپای خوارزمی لەگەڵ کوردە ئەیوبییەکانی شام و جەزیرە.

دوای کوژرانی سوڵتانی خوارزم، دوازدە هەزار سوارە لە سوپاکەی پەنایان بردە بەر سوڵتانی سەلجووقی ڕۆم (علاءالدین کیقوباد)(٦١٦-٦٣٤ک/١٢١٩-١٢٣٧ز)، بەڵام کە ساڵی (٦٣٤ک/١٢٣٧ز) سوڵتانی ناوبراو کۆچی دوایی کرد تەختی حوکمڕانی بۆ کوڕەکەی (غیاث‌الدین کیخوسرو) بەجێهێشت، سوڵتانی نوێش کە دەستبەکار بوو بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی یەکێک لە فەرماندەکانی خوارزمی بە ناوی (قیرخان)

دەستگیرکرد و خستیە بەندیخانە، خوارزمییەکانی تر لە ترسی مەرگ و مامەڵەی توندی سوڵتانی نوێ لە بەرانبەریان لە وڵاتی سەڵجووقی ڕایانکرد، بەڵام لە ڕێگادا هەرچی بەردەستیان کەوت لە دزی و تاڵانی لەگەڵ خۆیان ڕایان ماڵی و دەستیان لێ نەپاراستن، ئینجا پەنایان بردەبەر مەلیک (صالح نجم‌الدین)ی کوڕی مەلیک (الکامل)ی ئەیوبی (ابن العدیم، ١٩٩٦، ٤٩١؛ ابو فداء، ١٩٩٩، ١٩٥/٣)، فەرمانڕەوای ئامەد و حوسنکیفا و حەڕان و ڕەقە و ڕەه او سروج و سەرێکانی (رأس العین) و ئەو شوێنانەی سەر بەو شارانەن (ابن الواصل، ١٩٥٣، ١٣٤/٥)، مەلیک (صالح)یش بەڕاوێژکردن لەگەڵ مەلیک (الکامل)ی باوکی توانی ڕەزامەندی وەرگرێ، شوێنێکی بۆ دابڕین لە جەزیرە نیشتەجێی کردن لە خزمەتی خۆی بەکاریدەهێنان (ابن الواصل، ١٩٥٣، ١٣٥/٥)، بۆ نموونە توانی بە پشتیوانی خوارزمییەکان دەستبگرێت بەسەر سنجار و نوسەیبین و خابوور (الدواداری، ١٩٧٢، ٧/ ٣١٩؛ المقریزی، ١٩٩٧، ١/ ٣٨٠).

سەلجووقییەکان درکیان بەم بۆشاییە کرد کە بە ڕۆیشتنی خوارزمییەکان لە هێزی سەربازیان دروست بوو و کاریگەریی نەرێنی لەسەر باڵانسی هێز هەبوو، بۆیە زۆر هەوڵیاندا کە هەرچۆنێ بێ متمانەیان بۆ دروستبکەن و بیان گەڕێننەوە لە ڕێگەی ناردنی نامە بە (مجیرالدین ترجمان)ی نێردراویان، بەڵام هەوڵەکەیان بێ ئاکام بوو کە نەیانتوانی قەناعەتیان پێ بکەن (ابن بیبی، ١٩٩٣، ٢٦٣).

هەر لە ساڵی (٦٣٤ک/١٢٣٧ز) کە ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوان مەلیک (الکامل) و مەلیک (الاشرف) دروست بوو لەسەر ئەوەی (الاشرف بە الکامل)ی ڕاگەیاند تۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەیوبیت هەمووی بۆ خۆت بردووە تەنها دیمەشقت بۆ من هێشتۆتەوە بۆ ئەمەش خوارزمییەکانی لە دژی براکەی بەکارهێنان، مەلیک (الکامل)یش بۆ چاوگرتن و بێدەنگکردنی ناوبراو دە هەزار دیناری بۆ نارد، بەڵام مەلیک (الاشرف) نەک بەمە ڕازی

نەبوو بەڵکو سەرزەنشتی کرد (الدواداری، ١٩٧٢، ٧/ ٣١٧)، کاتێ لە ساڵی (٦٣٥ک/١٢٣٨ز) (غياثالدين كيخوسرو) پەلاماری شاری ئامەدیدا و گەمارۆی خستەسەر تورانشای کوری (صالح نجمالدين)، خوارزمییەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان بینی شانبەشانی ئەیوبییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی سەلجووقییەکانی ڕۆم کە هەواڵیان پێگەیشت بەپەلە بە هانایانەوە چوون و پاشەکشەیان پێکردن و نەیانهێشت هیچ دەستکەوتیان هەبێ (ابن العديم، ١٩٩٨، ٤٩٨).

لە ساڵی (٦٣٥ک/١٢٣٨ز) خوارزمییەکان لە مەلیک (صالح) هەلگەڕانەوە، ویستیان دەستگیری بکەن بەڵام ناوبراو ڕایکرد بۆ سنجار ئەوانیش دەستیان بە تالانکردنی ناوچەکە کرد (الذهبی، ١٩٨٥، ٣/٢٢١)، هەر لەو ساڵەدا مەلیک (الكامل)ی ئەیوبی کۆچی دوایی کرد، کە (بدرالدين لؤلؤ)ی فەرمانڕوای موسل بە مردنی زانی بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری سنجاری دا و ئابلۆقەی شارەکەیدا (ابن العميد، د. ت، ٢٧)، بۆ ڕزگاربوون لە ئابلۆقەی ناوبراو مەلیک (صالح) بە نهێنی (بدرالدين سنجاری) قازیی شارەکەی نارده لای خوارزمییەکان و توانی ئاشتیان بکاتەوە و بەڵێنی ئەقتاعی ڕەها و حەڕانی پێدان کە بەڵای لؤلؤی لەکۆڵبکەنەوە (الذهبی، ١٩٨٥، ٣/٢٢١)، ئەوانیش بە هانایەوە چوون و هێرشیان کردە سەر سوپای لؤلؤ دوای شەڕێکی گەرم سوپای ناوبراویان تێکشکاند و ڕایکرد بۆ موسڵ، تەواوی سامان و کەلوپەل و ئەسپەکانیان بوونە دەستکەوتی شەڕ بۆ خوارزمییەکان (ابن العميد، د. ت، ٢٧)، هەموو ئەو کاڵا و دەستکەوتانەی کە لە لؤلؤیان دەستکەوتبوو بە جۆرێک نرخی بازاری دابەزاندبوو هەر شتێک ئەگەر نرخی سەد دەرهەم بووبێ بە پێنج دەرهەم دەفرۆشرا یان بە سێ سەد دەرهەم بووبێ بوو بە بیست دەرهەم، دەستکەوتەکانیان لە نێو خۆیان دابەشکرد، وەکو (سبط ابن الجوزی) دەڵێ: ((بۆ هەتاهەتایە پێی دەوڵەمەند بوون)) (٢٠١٣، ٢٢/٣٤٥)، ساڵی ( ٦٣٦ک/١٢٣٩) مەلیک (صالح) هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ئەیوبی بە

تورانشای کوڕەکەی سپارد و لە حوسنکیفا جێگریی کرد، حەران و ڕەها و تەواوی ناوچەکانی بە خوارزمییەکان بەخشی ئەوانەی لە خزمەتیدا بوون (المقریزی، ١٩٩٧، ٣٩٠/١).

ناکۆکی و ناتەبایی نێوان میرە ئەیوبییەکان لەسەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان مانای کردنەوەی دەروازەیەکی فراوان بوو بە ڕووی خوارزمییەکان کە بە ویستی خۆیان هەرێمەکانی جەزیرە و شام یاری بە چارەنووسی خەڵکی ئەو هەرێمانە بکەن هەر شوێنەی مەبەستیان بوایە لەشکرکێشییان بۆ دەکرد وێرانکاری و تاڵانکاری و کوشتن و ئازاردانی خەڵکیان ئەنجامدەدا، ململانێی نێوان (صالح نجم‌الدین ایوب) فەرمانڕەوای میسر و مەلیک (صالح اسماعیل)ی مامی فەرمانڕەوای دیمەشق زێدەڕۆیی کردە نێو ماڵی ئەیوبی لە شام، مەلیکەکانی حمس و حەما و ئەردەن لە یەک کاتدا لە وڵاتی شام ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی خوارزمییەکان و مەغۆلەکان و خاچدروشمەکان کردەوە (عاشور، ١٩٧٠، ١٢٦).

ساڵی (٦٣٧ک/١٢٤٠ز) پەلاماری گوندی بیرەیاندا و چاویا بڕیە سەر دەوروبەری و دەستیان بەسەر قەڵای حەڕاندا گرت (ابن العدیم، ١٩٩٨، ٥٠١)، پاشان لە هەڵمەتێکی تردا بۆ سەر قەڵای جەعبەر گەیشتنە بالیس و هەڵیانکوتایە سەر و تاڵانیان کرد، خەڵکێکی زۆریان کوشت و زۆریکیش ڕایان کرد پەڕاگەندە و ئاوارەی ناوچەکانی تر بوون لە ترسی زوڵم و ستەمی خوارزمییەکان (ابن الواصل، ١٩٥٣، ٢٨٠/٥)، ساڵی (٦٣٨ھ/١٢٤١ز) کۆمەڵێکی گەورەی خوارزمییەکان کە ژمارەیان زیاتر لە دوازدە هەزار سوار دەبوون بە پێشەوایی (کشلوخان و برکەخان و ساروخان و بردیخان) کە مەلیک (جواد کوڕی مودود) سەرداری پێشووی دیمەشق و مەلیک (صالح کوڕی مەلیک مجاهید) سەرداری حمس لەگەڵیان بوون لەگەڵ کۆمەڵێک سەربازی ماردین ڕوویان کردە حەلەب، لەو کاتەدا

سوپای حەلەب لە منبج بوو بەم هەواڵە زۆر دڵتەنگ بوون چونکە سوپاکەیان لە ڕووی ژمارەوە زۆر لە هی ئەوان کەمتر بوو، هەردوو هێزەکە لە گوندی بیرەی سەر ڕووباری فوڕات بەیەک گەیشتن لە دۆڵی بزاعا دوای شەڕێکی گەورە مەلیک (صالح کوڕی مەلیک ئەفضل)ی کوڕی سوڵتان (صلاح‌الدین) خاوەنی سمیسات و زۆری تر کوژران، مەلیک (معظم تورانشا) بەدیل گیرا و تاڵانکاریەکی زۆر کرا (ابن العدیم، ١٩٩٨، ٥٠٢-٥٠٣؛ ابو فداء، ١٩٩٩، ٢٠٤/٣)، دوای گیرانی تورانشا (بدرالدین لؤلؤ) بردیەوە موسڵ و پاشان ڕادەستی سوپای حەلەبی کردەوە (ابوفداء، ١٩٩٩، ٢٠٥/٣).

خوارزمییەکان لە شاڵاوە وێرانکاری و تاڵانکارییەکانیان بەردەوام بوون لە بزاعا و ئەلباب و منبج دەستیان نەپاراست لە کوشتن و گرتنی ژن و منداڵ ئازار و ئەشکەنجەدانیان، خەڵکێکی زۆر ڕایانکرد بۆ حەلەب، لە شاری منبج کۆمەڵێک ئافرەت پەنایان بردبووە بەر مزگەوت لەوێش وازیان لی نەهێنابوون بەڵکو کاری ناڕەوا و ئابڕووبەریان پێ کردبوون (ابن العدیم، ١٩٩٨، ٥٠٤؛ ابن الواصل، ١٩٥٣ ، ٢٨٥/٥)، کاتێ کە ئەم هەواڵە بە مەلیک (منصوری کوڕی مەلیک مجاهید)ی سەرداری حمس گەیشت، لە بەرەی شەڕی فەڕەنجەکان بوو کە مەبەستی هەرێمەکەی ئەویان کردبوو نزیکەی چەند هەزار سەربازێکی دیمەشقی لەگەڵدابوو، نێردراوێکی نارده لای مەلیک (صالح اسماعیل) (ابن الواصل، ١٩٥٣ ،٢٨٦/٥)، داوای لێکرد تا بە یەکەوە ڕووبەڕووی هێرشکاری و تاڵانکاریی خوارزمییەکان ببنەوە، لەگەڵ مەلیک (ناصر کوڕی عبدالعزیز) سەرداری حەلەب هاوپەیمانییەتیان پێکهێنا، هەرچەندە ئەوکاتە خوارزمییەکان گەڕابوونەوە ئەقتاعەکانیان بەڵام ئەوانیش بەو مەبەستە لە حەڕان کۆبوونەوە و دووبارە پەلاماری حەلەبیان دایەوە هەر لە ڕێگادا دەستیان کرد بە خراپەکاری و سووتاندنی گوندەکانی حەلەب (ابن العدیم، ١٩٩٨، ٥٠٥؛ ابو فداء، ١٩٩٨، ٢٠٤/٣).

له تەواوی لەشکرکێشی و بەرەنگاربوونەوەی سوپای حەلەب لەگەڵ خوارزمییەکان ساڵی (٦٣٨ک/١٢٤١ز) توانیان شکستیان پێ بهێنن و دەست بەسەر حەران و سروج و ڕەها و سەرێکانی و جومولەین و ئەلموز و ڕەقە و خابوور و قیرقیسیادا بگرن (ابن العدیم، ١٩٩٨، ٥٠٨)، توانیان خوارزمییەکان ڕاوبنێن تا پەنایان بردە بەر شاری عانەی سەربە خەلیفە، هەر لە هەمان کاتیشدا (بدرالدین لؤلؤ) دەستی بەسەر نوسەیبین و دارا داگرت کە لە ژێر دەستی خوارزمییەکاندا بوو (سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٣٧١/٢٢؛ ابن الواصل، ١٩٥٣ ، ٢٩٤/٥)، بەپێی ئاماژەی (ابن الواصل) مەلیک (ناصر) حەڕان و ڕەها و سەرێکانی و ڕەقە و سروج و ئەلموزیان خستە سەر حەلەب، مەلیک (منصور)یش قرقیسیا و خابووری بۆخۆی برد (١٩٥٣، ٢٩٥/٥).

هەرچی پەیوەندیی خەلافەی عەباسیشە ئەوا خەلیفە المستنصر باللە) (٦٢٣-٦٤٠ک /١٢٢٦-١٢٤٣ز) لەو ڕۆژگارەدا لەگەڵ خوارزمییەکان باش و لەباربوو بە هۆی پەیدابوونی مەترسی مەغۆلەکان لە سنوورەکانی دەوڵەتی عەباسی، کە دوای کوژرانی سوڵتان (جلال‌الدین) چوار هەزار سوارەیان پەیوەندییان بە خەلیفەوە کردبوو لە خزمەتیدا بوون (ابن نظیف الحموی، ١٩٨١، ٢٦٠).

سەبارەت بە مەلیک (جواد) کە دەستی بەسەر سنجاردا گرت ساڵی (٦٣٧ک/١٢٤٠ز) عانەی بە خەلیفە فرۆشت پاشان پەیوەندی بە خوارزمییەکانەوە کرد، دوای ئەوەی لەسەر دەستی (بدرالدین لؤلؤ) سنجاری لێ داگیرکرا (ابن الفوطی، د. ت، ٧٨) ئەویش بەرەو غەززە ڕۆیشت نامەی بۆ مەلیک (صالح نجم‌الدین) فەرمانڕەوای میسر نووسی داوای لێکرد کە داڵدەی بدات و خزمەتی بکات، بەڵام ڕێگەی پێنەدا مەگەر خراپەکاری لەناو سەربازان بنێتەوە، پاشان پەنای بردە بەر عەکا لای فەرەنجەکان، دواتر مەلیک (صالح عمادالدین)ی مامی نامەی بۆ نووسی کە

بچێتە لای، هەرکە گەیشت بەندی کرد و پاشان خنکاندی و لەناوی برد (ابن الواصل، ١٩٥٣، ٢٩٦/٥–٢٩٧؛ ابو فداء، ١٩٩٨، ٢٠٥/٣).

لە ڕاستیدا ئەوەی خوارزمییەکان پێی هەڵسابوون لەو ماوەیەدا مەترسییەکی گەورەی نابووەوە لەسەر جیهانی ئیسلامی بە گشتی و ئەیوبییەکان بە تایبەتی، بەو پێیەی کەوا گوشاری خاچدروشمەکان لە ڕۆژئاوا بۆ سەر ناوچەکانی قەڵەمڕەوی ئەیوبییەکان لەلایەک و هەڕەشە و لەشکرکێشییەکانی مەغۆلەکان لە ڕۆژهەڵات لە لایەکی دیکە بەردەوامییان هەبوو (صبرة، ١٩٨٧، ٢٨٨).

**یەکەم: ڕێککەوتنی خوارزمییەکان لەگەڵ (مظفر شهاب‌الدین) فەرمانڕەوای میافارقین:**

ساڵی (٦٣٩ھ/١٢٤٢م) خوارزمییەکان پەنایان بردە بەر خەلیفە لە شاری عانە پاشان ڕوویان کردە موسڵ لای (بدرالدین لؤلؤ) داوای شاری نوسەیبینیان لێ کرد (المقریزی، ١٩٩٧، ٤١٢/١؛ الهسنیانی، ٢٠٠٦، ١٦)، ئەویش شارەکەی پێ سپاردن بە ڕێککەوتن لەگەڵ (مظفر شهاب‌الدین غازی) سەرداری میافارقین، لە هەمان کات نێردراوێکیشی ناردە حەلەب تاکو لەم پێشهاتە نوێیە ئاگاداریان بکاتەوە و داوای هاوپەیمانییەتیشی لێ کردن بەڵام حەلەبییەکان بەمە ڕازینەبوون (ابن الواصل، ١٩٥٣، ٣٠٥/٥)، کە خوارزمییەکان گەیشتنە لای (مظفرالدین) لەگەڵی ڕێککەوتن ئینجا بەرەو میافارقین بە ڕێکەوتن و لە لای مانەوە، دوای ئەوەی کە سەربازانی حەلەب پێیان گەیشتن شەڕێکی گەورە لە نێوانیاندا ڕوویدا لەهەمان کاتدا ناوچەکە بەرەو ڕووی تاڵانکارییەکی زۆر بوویەوە (سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٣٧٤/٢٢؛)، دواتریش ئاگربەستێک هاتە کایەوە سوڵتانی ڕۆم خوارزمییەکانی کردن بە دوو بەش بەشێکیان ئەوانەی لە دەوروبەری سنوورەکانی ئەو دەژیان سەربە دەوڵەتی ئەو بن و لە ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی سەلجووقی نیشتەجێبن، (شهاب‌الدین

غازی)ش چووە ناو ئەو ئاگربەست و ڕیککەوتن (ابن الواصل، ١٩٥٣، ٣٠٥/٥)، لە لایەکی تریش مەلیک (سعید نجم‌الدین غازی کوڕی مەلیک منصور ناصرالدین خاوەنی ماردین[٦] ڕێککەوت لەگەڵ مەلیک (ناصر)ی سەرداری حەلەب کە سەربازەکانی بگەڕێنیێتەوە حەلەب (ابن الواصل، ١٩٥٣، ٣٠٦/٥).

ساڵی (٦٤٠ک/١٢٤٣ز) حەلەبییەکان سوپایان تەیار کرد و بەرەو ڕۆژهەڵات بەڕێکەوتن، لەهەمان کاتدا مەلیک (شهاب‌الدین غازی) و خوارزمییەکان پەلاماری سەرێکانییاندا، دهانیشتوانەکەی خۆیان لە قەڵا قایم کرد، خوارزمییەکان توانیان لە قەلا بچنە ژوورەوە و هەموو سەربازەکانی قەڵایان گرتن و بردیان (ابن العدیم، ١٩٩٦، ٥١٠)، پاشان مەلیک (منصور) و سەربازانی حەلەب گەیشتنە حەڕان و بەرەو ئامەد بەڕێکەوتن، (شهاب‌الدین غازی) و خوارزمییەکان گەڕانەوە میافارقین و سەربازانی سەرێکانیان ئازادکردن، مەلیک (منصور) لە ئامەد لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکانی سەلجوقی کۆبوونەوە بەو پێیەی کەوا لەو ماوەیەدا باجی ساڵانەی دەدایە سوڵتانی سەلجوقی ڕۆم و سکەی دراوی بە ناوی ئەو لێدەدا (ابن الواصل، ١٩٥٣، ٣٠٩/٥).

شایانی باسە لەو کاتەدا دۆخێک هاتە ئاراوە کە لە بەرژەوەندیی مەلیک (مظفر) نەبوو بەوپێیەی مەغۆلەکان لە دەوروبەری سنوورەکانی سەلجوقی بە دیاریکراوی لە شاری ئەرزەڕۆم تەنگیان بە سوپای سەلجووقی هەڵچنی بوو هێرشەکانیان بۆ سەر خارپیت چڕکردبووەوە، لە ترسی مانەوەیان مەلیک (منصور) گەڕایەوە سەرێکانی، هەر لە هەمانەکاتدا مەلیک (مظفر) و خوارزمییەکان پەلاماری دونەیسەری سەر بە ماردینیاندا (ابن الواصل، ١٩٥٣ ،٣١٠/٥)، پاشان (مظفرالدین) و سەرداری ماردین و خوارزمییەکان ڕێککەوتن کە پەلاماری ناوچەکانی موسڵ بدەن و تاڵان و وێرانی بکەن ئەوە بوو لە ماردین بەرەو خابور

بەرێکەوتن (سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٣٧٤/٢٢)، دیارە مەلیک (منصور) لەم هەواڵە بێئاگا نەبووە کە ئەم کۆمەڵە بەرەو خابور بەرێکەوتوون و سەربازەکانیان چونەتە مەجدەل ژمارەیان زۆر بووە بە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک تورکمانیان لێ کۆبوونەتەوە بە سەرکردایەتی (أمیر کوڕی دودی) (ابن العدیم، ١٩٩٦، ٥١٢).

مەلیک (منصور) و حەلەبیەکان سواری ئەسپەکانیان بوون و بەرێکەوتن بۆیان، لە ٢٣ی مانگی سەفەری (٦٤٠ک/١٢٤٣ز) هەردوو سوپا بەرەو ڕووی یەکتر بوونەوە، مەلیک (مظفر شهاب‌الدین) ڕایکرد و گەڕایەوە میافارقین، خوارزمییەکان بەشێکیان خۆیان بەدەستەوەدا ئەوانی تریش پەرتەوازە بوون و لە نوسەیبین یەکتریان گرتەوە، تەواوی کەلوپەل و ئاژەڵ و ئافرەتەکانی لەگەڵیان بوون دەستیانبەسەرداگیرا، مەلیک (منصور) دەستی بەسەر خەزێنەی مەلیک (مظفر شهاب‌الدین)دا گرت، تەواوی ئەو کاڵا و کەلوپەل و ئاژەڵانەی لێیان تاڵان کرا لە شارەکانی موسل و حەلەب و حەما و حمس هەرزان فرۆش کران (سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٣٧٥/٢٢).

لە جەمادی کۆتایی هەمان ساڵدا خوارزمی و تورکمانەکان دەستیان کردەوە بە خراپەکاری لە هەرێمی جەزیرەدا، سوپای حەلەبیش بە سەرکردایەتی (جەمال الدولة) بەرەو سەرێکانی بەرێکەوتن، خوارزمییەکانیش لەگەڵ مەلیک (سعید نجم‌الدین) سەرداری ماردین پەیوەستی یەکتر بوون جارێکی تر بەرەنگاری حەلەبیەکان بوونەوە، بەڵام ئەمجارەیان نوێنەری سوڵتانی سەلجووقی (میر شمس‌الدین اسفهانی) هاتە نێوانیان بۆ ئەوەی ئاشتیان بکاتەوە، بەو شێوەیە سەرێکانی بەخشی بە سەرداری ماردین و خارپیتی بۆ خوارزمییەکان دیاریکرد و خەلاتیش بۆ مەلیک (مظفر شهاب‌الدین غازی) (ابن العدیم، ١٩٩٦، ٥١٤)، سەربازانی حەلەب لەگەڵ نوێنەری سەلجووقی گەڕانەوە حەلەب، داوای لە مەلیک

(ناصر)ی فەرمانڕەوایان کرد کە سوپایەک ئامادە بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەغۆلەکان، لە ڕاستیدا ئەنجامدانی ئاشتی لە نێوان ئەو هێزانەی کە باسکران و ئەو ناوچانەی کە پێیان بەخشرا لە پێناوی پێشگرتن و دوورخستنەوەی فشاری مەغۆلەکان بوو لە هەرێمەکە (ابن الواصل، ١٩٥٣، ٣١٤/٥).

**دووەم: ڕۆڵی خوارزمییەکان لە کێشە و ململانێی نێوان مەلیکە ئەیوبییەکانی میسر و شام:**

لە ساڵی (٦٤١ک/١٢٤٤ز) وتوێژ و نامەگۆڕینەوە لە نێوان (صالح نجم‌الدين) ئەیوبی فەرمانڕەوای میسر و (صالح اسماعیل) ئەیوبی فەرمانڕەوای دیمەشق هاتە ئارا لەسەر ئاشتبوونەوە، بەپێی ئاماژەی (ابن الواصل)ی هاوسەردەمی ڕووداوەکان دەردەکەوێت لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە حوکمڕانیی دیمەشق بۆ مەلیک (صالح اسماعیل) بێ، بەڵام لە دیمەشق و حەلەب و حمس و هەموو ئەو ناوچانە وتار بە ناوی مەلیک (صالح نجم‌الدين) بخوێندریتەوە و سکەی دراویش بە ناوی ئەو لێبدرێ (١٩٥٣، ٣٢٨/٥)، هەروەها هەریەک لە (مغيث‌الدين عمر کوڕی صالح نجم‌الدين و حسام‌الدين کوڕی عەلی هزبانی لەلای صالح اسماعیل) لە بەندیخاندا بوون ئازادبکرێن. (سالح اسماعیل) (حسام‌الدين هزبانی)ی ئازادکرد و ڕەوانەی میسری کرد، بەڵام (مغيث‌الدين عمر)ی هێشتەوە ئەمەش دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد (أبو فداء، ١٩٩٩، ٣٠٩/٣)، بۆیە لە ڕقی ئەمەدا مەلیک (صالح نجم‌الدين) نامەی بۆ خوارزمییەکان نووسی و بانگهێشی کردن بۆ هێرشکردنە سەر شام و پاشان بۆ گرتنی (بەیت المقدس) بکەونەڕێ (سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣ ، ٣٧٨/٢٢ ؛ المقريزی، ١٩٩٧، ٤١٨/١).

کاتێ بانگهێشتی (صاڵح نجم‌الدين) گەیشتە خوارزمییەکان دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوت بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەوەی لە دەستیاندابوو لە

جەزیرە، بۆیە ڕاستەوخۆ دەستیان بە جووڵەکرد بە فەرماندەیی سەرکردەکانیان (برکةخان و بردیخان و ساروخان و کشلوخان ) هیزێکی زیاتر لە دە هەزار سوارە لەگەڵ کۆمەڵێک لە قەیمەریەکان[٧](المقریزی، ٤١٨/١،١٩٩٧ ؛ ابن تغری البردی، د. ت، ٣٢٣/٦)، وەکو پیشەی هەمیشەییان دەستبەجێ لە ڕووباری فورات پەڕیینەوە و بوون بە دوو بەش، بەشێکیان پەلاماری بیقاع و بەعلبەکیاندا، بەشەکەی تریان بەرەو غۆتەی دیمەشق دەستیان کرد بە تاڵان و کوشتن و دەستبەسەرکردنی دانیشتوانی ناوچەکە (سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٣٧٨/٢٢)، کە گەیشتنە شام (صالح اسماعیل) دەرگای قەڵای داخست و سەربازەکانی لە دەوری خۆی کۆکردنەوە (المقریزی، ١٩٩٧، ٤١٨/١).

وەکو دیارە لەو ڕۆژگارەدا ناو ماڵی ئەیوبی دووچاری دوولەتبوون و پەرتەوازەییەکی هێندە دژوار بووبوو کە لە دژی مەلیک (صالح نجم‌الدین) هەریەک لە مەلیک (صالح اسماعیل) سەرداری دیمەشق و مەلیک (منصور) خاوەنی حمس و مەلیک (ناصر داود) خاوەنی کەرک ڕێککەوتنیان لەگەڵ فەرەنجەکان کرد کەوا قودس و تەبەریە و عەسقەلانیان ڕادەست بکەن (ابن الواصل، ١٩٥٣، ٣٣٢/٥).

خوارزمییەکان هەر کارە پێ سپێردراوەکەیان لە شام تەواو بوو هەڵیان کوتایە سەر (بیت المقدس) ساڵی (٦٤٢ک/١٢٤٢ز) شمشێریان لێ بەکار خستن و ژن و منداڵیان بەدیلگرتن (ابن الواصل، ١٩٥٣، ٣٣٧/٥)، فەرەنجەکان ڕایانکرد و خوارزمییەکان چوونە ناو کەنیسەی قیامە، مەزاری عیسای مەسیحیان وێرانکرد (س. خ)، گۆڕی مەسیحی و فەرەنجەکانیان هەڵدایەوە و ئیسکو پروسکی مردووەکانیان سوتاندن (ابن تغری البردی، د. ت، ٣٢٣/٦).

مەلیک (صالح نجم‌الدین) فەرمانی بە خوارزمییەکان کرد لە غەززە بمێننەوە، سوپایەکی لەگەڵ مەمالیکەکەی (رکن‌الدین بیبرس) بۆ پشتیوانیکردنیان ڕەوانکرد، مەلیک (صالح اسماعیل) یش لە دیمەشق سوپایەکی ڕەوانکرد بە سەرکردایەتی مەلیک (منصور) کە شانبەنشانی فەرەنجەکان شەڕی سوپای میسرو خوارزمییەکان بکەن، بەرەی حەلەب و فەڕەنجەکان لەگەڵ بەرەی میسر و خوارزمییەکان لە غەززە بەرەنگاری یەکتر بوونەوە، بە پێی ئاماژەی (المقریزی) فەرەنجەکان خاچیان لەسەر سەری مەلیک (منصور) بەرزکردبووەوە، شەڕێکی گەورە لە نێوانیاندا ڕوویدا کە تێیدا حەلەبییەکان و فەرەنجەکان شکستێکی گەورەیان خوارد، ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژران و بەدیلگیران و تالانێکی بێ شوماریان لێ کرا (١٩٩٧، ٤١٩/١).

ئەم دۆخەی خوارزمییەکان هەروا بەردەوام بوو کە بووبوون بە داردەستی مەلیکە ئەیوبییەکان و بەکارهێنانیان لە ململانێ سیاسییەکانیان تا ساڵی (٦٤٤ک/١٢٤٦ز) دووچاری شکستێکی گەورە بوونەوە بە کوژرانی (حسام‌الدین برکةخان)ی گەورە سەرکردەیان، ژمارەیەکی زۆریان بەدیلگیران و بەشێکیان پەیوەندییان بە مەغۆلەکانەوە کرد و ڕایانکرد بۆ لایان، بەشێکی تریشیان ڕۆیشتن بۆ حەڕان و نابلس و بەشێکیشیان لەگەڵ مەلیک (صالح اسماعیل) لە ڕاکرنیان بۆ حەلەب لە لایەن مەلیک (ناصر) سەرداری حەلەب دەستبەسەرکران، کۆتایی بە خراپەکاری و وێرانکاریی خوارزمییەکان هات.

شایانی باسە ئەم دۆخە دوای هاتنە ئارای هاوپەیمانییەتیەک لە نێوان مەلیک (صالح نجم‌الدین) و مەلیک (منصور) و مەلیک (ناصر)ی حاکمی حەلەب لە دژی خوارزمییەکان و مەلیک (صالح اسماعیل) پاش دەرکرانی لە دیمەشق، دوای ئەوەی کە خوارزمییەکان لە ژێر فەرمانی مەلیک (صالح نجم‌الدین) دەرچوون شۆڕشیان لە دژی ڕاگەیاند،

پەیوەستی مەلیک (صالح اسماعیل و ناصر داود) سەرداری کەڕک بوون، گەمارۆیان خستە سەر دیمەشق بۆ ماوەیەکی درێژ دانیشتووانی شاریان دووچاری مەرگەسات و نەهامەتی و برسیەتی و پەتای نەخۆشی کرد کە تێیدا خەڵکێکی زۆر لەناوچوون (المقریزی، ١٩٩٧، ١/ ٤٢٤؛ صبرة، ١٩٨٧، ٢٩٨-٣٠٠).

## باسی شەشەم: کاریگەریی لەشکرکێشی و پەیوەندییەکان بەسەر کوردستان

شاڵاو و لەشکرکێشیی هێزە سەربازییەکان بە مەبەستی داگیرکاری کە پەلاماریی وڵاتان و هەرێم و شارەکان دەدەن ڕەنگدانەوەی کاریگەری لەسەر ناوچەکان لە زۆر بواری جیاجیادا دەبێت لەمانە:

**یەکەم: بواری سیاسی:**- ئاشکرایە کاتێک کە سوپای دەوڵەتێک دەستبەسەر ناوچەیەک یان شارێکدا دەگرێت دەبێتە هۆی ڕاماڵینی دەسەڵاتی سیاسیی خۆجێیی ناوچەکە و سەپاندنی دەسەڵات و یاسا و ڕێسا و بنەما دەوڵەتدارییە کارگێڕیەکانی و بەستنەوەی ناوچەکە بە سنووری بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەی، وێڕای هێنانە ئارای مەرامی پاوانخوازی و فراوانکردنی سنووری موڵکەکانی دەوڵەتەکەی لەسەر حیسابی ئەو دەوڵەتەی یان دەسەڵاتەی کە پەلاماری داوە، لە مێژوودا نموونەی ئەمەشمان زۆرە وەک: (بوەهییەکان لە سەدەی چوارەمی کۆچی و سەلجووقییەکان لە سەدەی پێنجەمی کۆچی، قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی دەوڵەتی عەباسی، هەروەها دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر و شام و جەزیرە لە چارەکی کۆتایی سەدەی شەشەم و شاڵاوی مەغۆلەکان بۆ سەر دەوڵەتی خوارزم و دواتریش دەوڵەتی عەباسی هەر لە چارەگی یەکەمی سەدەی ٧ک/١٣ز و دواتریش.) بەڵام کە باسەکەمان پەیوەستە بە خوارزمییەکان و هێرشکارییان بۆسەر ناوچە کوردییەکان هەر ئەمانە بیر دەخەینەوە وەک هێرشە بەربڵاوەکەی (علاءالدین محمد)

خوارزمشا بۆ سەر هەرێمی چیاساڵی (٦١٤ک /١٢١٧ز) توانیان دەست بەسەر تەواوی هەرێمەکەدا بگرن (ابن الاثير، ٣٧٢/٢٠٠٣،١٠ ) کە پێشینەی پەلامارەکانیان بۆسەر ئەو هەرێمە و دەستگرتن بەسەر شاری هەمەدان و ڕامالینی دەسەلاتی سەلجووقی و بەستنەوی شارەکە بە حوکمڕانی خۆیانەوە دەگەڕیتەوە بۆ ساڵی (٥٩٠ک/١١٩٥) (الراوندی، ٢٠٠٥، ٥١٩) هەروەها دەستبەسەرداگرتنی هەرێمی ئازربایجان لە ساڵی (٦٢٢ک/١٢٢٥ز) کۆتاییهێنان بە ئەتابەگییەی ئیلدگزی (ابن الاثير، ٢٠٠٣، ٤٤٨/١٠؛ النقشبندی، ٢٠١٣، ٣٢٧)، دەشێ بلێین وەکو پێویست نەیانتوانیبێ بەم سیاسەتی زەبر و زەنگەی لە دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکان و چەسپاندنی دەسەلاتیان، هەروەها شێوازی حوکمڕانی کە پیادەیان دەکرد توانیبێتیان کاریگەربن لە ڕاکێشانی هەست و سۆزی جەماوەری شارە کوردییەکانی ژێر قەلەمڕەویان بەڵکو سەرقاڵی سوپای خوارزمیان بە شەڕی مەغۆلەکان یان ئیسماعیلییەکان یان هەر پێشهاتێک کە دەوڵەتی سەرقاڵکردبێت بە دەرفەت زانیوە کە ڕاپەڕن و لێیان ڕزگاربن (بارتولد، ١٩٨١، ٥٠٢؛ اقبال، ٢٠٠٠، ١٤٩).

**دووەم: بواری ئابووری:-** شارو ناوچە کوردستانییەکان لە ڕووی ئابووری وەک شوێنی دەوڵەمەند و بە خێروبێر ئاماژەیان بۆ کراوە لە لایەن گەڕیدە و وڵاتناسانی ئیسلام بۆ نموونە: (یاقوت الحموی) لە باسی هەندێ شاری هەرێمی چیادا بە شاری زۆر بە خێروبێر و داهات و بەروبوومی میوەجاتی زۆر ناوی هێناون (١٩٧٧، ٢٩١/٢) لە سەردەمانی زووتریش هەمان خوێندنەوە لەسەر شارەکانی ئەم هەرێمە هەبووە وەک (ابن خرذبە) پێیوایە باجی ساڵانەیان ((سێ هەزار هەزار [واتە: سێ ملیۆن]و پێنجسەد هەزار دەرهەم بووە)) (١٨٨٩، ٤١)، لە باسی هەمەداندا هاتووە کە گەورەترین شاری هەرێمی چیابووە هەروەها ساماندار و لە جووڵەی بازرگانیدا ڕۆڵی هەبووە (یاقوت الحموی، ١٩٧٧، ٤١٠/٥) بۆیە لە سەدەکانی سەرەتای دەوڵەتی ئیسلامیدا ((خەراجی ساڵانەی شەش هەزار

دەرهەم بووە)) (اليعقوبى، ٢٠٠٢، ٨٢) هەروەها لە باسی شارە کوردستانییەکانی هەرێمی ئازربایجانیش بە شاری بە خێروبێر و بەروبووم و میوەجاتی زۆر و دەستی بالآیان هەبووە لە بازرگانیدا (ابن حوقل، ١٩٣٨، ٣٣٦، القزوينى، ١٩٩٨، ٤٩٤). لە باسی شاری خەلاتیشدا بە شارێکی بە خێروبێری فراوان و بەروبوومی ناوازە وەسفکراوە (القزوينى، ١٩٩٨، ٥٢٤) بێگومان ئابووریش یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەت و فاکتەرێکی گرنگی هێزە بالآدەستەکانیشە بۆ دەستەمۆرکردن و بەدەستهێنانی بڕێک سامان و دارایی پەنا دەبەنە بەر هێرشکاری و لەشکرکێشی سەر شار و ناوچەکانی دەوروبەریان ئینجا دەست دەکەن بە تالآنکردن و ڕوتاندنەوەی ئاکنجییەکانی هەموو ئەو ناوچانەی کە هەڵمەتی داگیرکاریان بۆ کردووە بێ گوێدانە باری گوزەرانیان بەڵکو ستراتیژیەتیان تێرکردنی مەرامی تەماعکاری و چاوچنۆکی بووە.

هەڵبەتە ئەم هەڵوێستە لەسەر تەواوی لەشکرکێشییەکانی خوارزمییەکان دووپاتدەبێتەوە لە شالآو و هێرشکارییەکانیان بۆ سەر شار و ناوچەکانی کوردستان، بەشێک لەم هەڵمەتە سەربازییانە تەنها بۆ تالآنکاری و بەدەستهێنانی سامان و دارایی پەنایان بۆ دەبرد وەک لە ساڵی (٦٢٣ک/١٢٢٦ز) سەربازەکانی (جلال‌الدين خوارزمى) پەلاماری شاری ئەرزەڕۆمیاندا و تالآن و بڕۆیەکی زۆریان کۆکردەوە (ابن الاثير، ٢٠٠٣، ٤١٤/١٠.)، هەروەها دوای ئەوەی کە منکبرتی شکستی خوارد لە بەرانبەر هاوپەیمانی (ئەیوبی- سەلجوقی) و دەرکرانی لە خەلات بۆ تۆڵەکردنەوە بە هێزێکی گەورەوە ڕووی کردە شارەکانی خارپێت و مەلاتیە و ئەرزنجان تالآنکارییەکی بێشوماری دانیشتووانی ئەم شارانەیان کرد بە تایبەتی مەڕومالآتێکی یەجگار زۆریان لێسەندن (النسوى، ١٩٥٣، ٣٧٣)، دیارە ئەم کاولکاری و تالآنکاری و لێسەندنی سامان و ماڵی خەڵکی خاسیەتێکی دانەبڕاوی سوپای خوارزمی بووە لە کۆی هەڵمەتە لەشکرکێشییەکانیان، بۆ ئەو شوێنانەشی کە داگیریان دەکرد حوکمڕانی و

بەڕێوەبردنی شارەکە یان هەرێمەکەیان بۆ مسۆگەر دەبوو دەستیان بەسەر باج و خەراج و  سامان و دارایی ناوچەکەدا دەگرت (الراوندی، ٢٠٠٥، ٥١٩). بێگومان ئەمەش کاریگەری و بارقورسییەکی گەورەی ئابووری دەخستە سەر شان و گوزەرانی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان.

**سێیەم: بواری مرۆیی:-** کاریگەریی نەرێنی هەڵمەتە سەربازییەکان لەم بوارەدا لەپاڵ هەردوو بواری دیکەدا زۆر بە زەقی باڵی کێشابوو بەسەر کۆمەڵگەی کوردی ئەو شوێنانەی شاڵاوی داگیرکاریی خوارزمی ڕووی تێدەکرد ئەمەش خۆی لە زۆر ڕوودا دەبینێتەوە بۆ نموونە کوشتن و لەناوبردنی خەڵکێکی زۆر و ڕژانی خوێنیان و بوون بە قوربانی هەڵمەتی داگیرکاری لە پای خاپووربوونی شار و دێهاتەکانیان وەک ئاماژەکان بۆمان دەردەخەن دەچێتە قاڵبی قڕکردنێکی زۆر گەورە و زەبەلاح لەو سەردەمە لەسەردەستی سوپای ناوبراو کە ناوچە کوردنشینەکان دووچاری بووبوون وەک کۆمەڵکوژیی خەڵکی شارەکانی داقوق و خەلات (الذهبی، ١٩٨٥، ١٨٥/٣، ١٩٨؛ ڕەسول، ٢٠١٣، ١٢٨)، هەروەها ئاوارە بوونی زۆرێک لە دانیشتوانی ناوچەکان و بەجێهێشتنی زێدی باپیران لە پێناوی ڕزگارکردنی گیانیان لەبەر مەترسی شاڵاو و لەشکرکێشی و وێرانکاری خوارزمی لە داقوق و شارە کوردییەکانی خەلات و موش و سروج  لە باکووری کوردستان کۆچیان کرووە بۆ وڵاتی شام و شوێنانی دیکە (ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ١٠/ ٤٤٤، ٤٨٠؛ الغسانی، ١٩٧٥، ٤٠٢، ٤٣٤). هەرچەندە توانیویانە خۆیان لەبەر هەڕەشەی مەرگ ڕزگاربکەن بەڵام ڕووبەڕووی کاریگەری بەرەنجامێکی نەرێنی گەورە دەبوونەوە وەک بەجێهێشتنی خاک و زەوی و زارەکانیان کە دەکەوتنە بەر هەڕەشە و داگیرکاری و هەڵکشان و داکشانی بواری دیمۆگرافی دانیشتوان، هەروەها هەڵکردن لەگەڵ ژیانی ئاوارەیی و هەژاری و ناچار بە ڕاهاتن لەگەڵ کلتوور و نەریتێکی جیاواز (هەروتی، ٢٠١٦، ١٣٤-١٣٩).

وێڕای ئەمانەی کە باس کرا یەکێک لە کردەوە هەرە قێزەونەکانی سوپای خوارزی دەرهەق بە خەڵکی سڤیلی کورد ئەنجامیان دەدا بە دیلگرتنی ئافرەت و دزینی منداڵ کە وەک دیلی جەنگ مامەلەیان لەگەڵ دەکرن و ئابڕوویان دەبردن و دەیان فرۆشتن (ابوشامە، ٢٠٠٢، ٢١٧/٥)، ئەمە نەک تەنها لە سەردمی دەوڵەتی خوارزمی بەڵکو پاشماوەی سوپاکەشیان لە دوای ڕوخانی دەوڵەتەکەیان هەر کاتێ بۆیان دەڕەخسا درێغییان نەدەکرد لە ناوچەکانی جەزیرە و شام لە دەستبردن بۆ ئەم کردەوە نامرۆڤی و نەشیاوانە (السرجانی، ٢٠٠٦، ٨٢).

**چوارەم: بواری تەندروستی:-** دیارە لەشکرکێشیی خوارزمییەکان تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی لە شار و ناوچەکانی کە دەکەوتنە بەر پەلاماریان هەراسان کردبوو بە بواری تەندروستیشەوە، ئەمەش بە دیاریکراوی لە کۆتا هەڵمەتیان بۆ سەر شاری خەلات دەردەکەوێت بە هۆی گەمارۆ درێژخایەنەکەی سەر شارەکە ساڵی (٦٢٧ک/١٢٣٠ز) کە دانیشتوانەکەی بەرگەی ئەم گرانی و قات و قڕی بێخۆراکییە نەگرن برسیەتی بە شێوەک تینی بۆ هێنابوون لە پێناو ڕزگاربوونی ژیانیان پەنایان بۆ تەواوی ئەو شتانە بردووە کە کاریگەریی مەترسیداری سەر خودی تەندورستی مرۆڤەوە هەیە و لە ئاییندا ڕێپێدراونین بۆ خواردن وەک گۆشتی مردارەوەبووی ناتەندروستی گوێدرێژ و سەگ و پشیلە و مشک... هتد، دەشێ بڵێین چی بەهۆی نەمانی خۆراک و خواردەمەنی و خواردنی گۆشتی مردارەوەبووی ناتەندورستی ئەم گیاندارانە هەروەها نەمانی دەرمان و کاڵای پزیشکی خەڵکێکی زۆر دووچاری نەخۆشی و پەتای مەرگبەر بوون و گیانیان لە دەستداوە، کە لەسەرچاوەکان بە ڕوونی ئاماژەی بۆ کراوە لە ئەنجامی ئابۆقە درێژخایەنەکەی منکبرتی دانیشتوانی شاری خەلات دووچاری مەرگەساتێکی هێندە گەورەبوون خەڵکێکی زۆر بەو هۆیەوە لەناوچوون (المؤلف المجهول، ٢٠١٠، ٣٧٩؛ الرهاوی المجهول، ١٩٨٦، ٢٦٢/٢). بۆیە

هەموو ئەو کاریگەرییانە بەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی دانیشتوانی کوردستان کاردانەوەی دوورمەودای جێهێشت، و ڕۆڵیان هەبوو لە ڕەنگرێژکردنی جۆری ژیانی داهاتووی خەڵکەکە .

**ئەنجام**

پاش خستنەڕووی وردەکاری و چۆنیەتیی هاتنە ئارای پەیوەندی خوارزمییەکان لەگەڵ هێز و دەسەڵاتدارانی کورد و ناوچە کوردییەکان واتا بە کۆتا گەیشتنی توێژینەوەکە توێژەر بە چەند ئەنجامێک گەیشت کە دەشێ بەم شێوەیە بخرێتنەڕوو:

دیارە هاتنە ئارای پەیوەندیی خوارزمی لەگەڵ هێز و دەسەڵاتدارانی ناوچە کوردییەکان لە ئەنجامی دەرکەوتنیان وەک هێزێکی سیاسی باڵادەستی نێو جیهانی ئیسلامی و پەیگرتن بەبیری پاوانخوازی لە سەردەمی سوڵتان (علاءالدین محمد) لە کارنامەی فراوانخوازییان ڕەنگی دابووەوە، بەڵام شکستیان بەرانبەر مەغۆلەکان و دروستبوونی فشارێکی گەورە لەسەریان لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات ناچاربوون ڕووبکەنە ڕۆژئاوا و ناوچەکانی کوردستان لە سەردەمی سوڵتان (جلال‌الدین منکبرتی) دوای گەڕانەوەی لە هیندستان ساڵی (٦٢١ک/١٢٢٤ز)، تاکو جارێکی تر دەوڵەتی خوارزمی بگەڕێنێتەوە ئاستی هێز و سەڵتەنەتی سەردەمی سوڵتان (عەلاءالدین محمد)ی باوکی.

لەژێر ڕۆشایی شاڵاوی خوارزمی بۆسەر ناوچە کوردییەکان بە تایبەتی شارەکانی کە گیانی بەرگری و خۆپاریزی لایان بەرجەستە بوو وەکو داقوق و خەلات و دەوروبەری بە جۆرێک دووچاری نەهامەتی و مەرگەسات بوون، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سڤیل لەناوچوون و ژمارەیەکی زۆریشیان زێدی ڕەسەنی خۆیان جێهێشت و لە پیناو پاراستنی گیانیان ئاوارە و دەربەدەری هەرێمەکانی دەوروبەر بوون، کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لە بواری دیموگرافی دانیشتوانی ئەو ناوچانە هێنایە بوون.

پەنابردن بۆ بەستنی پەیوەندیی دۆستایەتی و هاوپەیمانی هەریەکە و لەلای خۆی کارنامە و مەرامی تایبەتی هەبووە، دیارە ئەوەی بەلای خوارزمییەکان زۆر گرنگ بووە هەڕەشە و فشاری مەغۆلەکان کە باڵی بەسەر جیهانی ئیسلامی بە گشتی و دەوڵەتی خوارزم بەتایبەتی کیشابوو، پەنابردن بۆ هێنانە ئارای پەیوەندی بووە لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکان تاوەکو جارێکی تر دەوڵەتەکەیان دووچاری شکستێکی تر نەبێتەوە، سەبارەت بە لایەنەکانی دیکەش بەهۆی بوونی کێشە و ململانێی نێوانیان پەنایاندەبردەبەر گرێدانی پەوەندی لەگەڵ خوارزمییەکان بۆ زاڵبوون بەسەر نەیارەکانیان. هەروەها ئەوەی پەیوەستیشە بە پەیوەندییە کۆمەڵاییەتەکانی وەک ئەنجامدانی پرۆسەی ژنخوازی لە نێوان دەسەڵاتدارانی هەردوولا بێگومان ئەوا مەرامی سیاسی لە دواوە بووە تاوەکو لەم ڕێگەیەوە لێک نزیک ببنەوە و ئامانجە سیاسییەکانیان دەستەبەربکەن.

کوژرانی سوڵتان (جلال‌الدین منکبرتی بووە هۆی لەناوچوونی دەوڵەتی خوارزمی بەیەکجاری، لەهەمان کاتیشدا شکانی بەربەستێکی بەهێزی بەردەم هێزی داگیرکەر و وێرانکەری مەغۆلی، ڕێگایان بۆ والا بوو کە بە ویستی خۆیان لە هەرێمەکانی ئێران و عێراق و کوردستان بخولێنەوە و داگیرکاری و وێرانکاری و جینۆسایدی دانیشتوانی ئەم ناوچانە بکەن.

سوپا و پاشماوەی سەربازەکانی خوارزمی لە دوای ڕووخانی دەوڵەتەکەیان وەکو سەربازی سەرەڕۆ و بەکرێگیراو پەڕاگەندە و پەرتەوازەی ناو هێزەکانی ئەو سەردەمەی ناوچەکە بووبوون، وەک دەوڵەتی عەباسی و سەلجووقی ڕۆم و ئەیوبییەکانی جەزیرە و شام، کە بۆ هینانەدیی مەرامە سیاسی و سەربازییەکانیان لە دژی یەکتر بەکاریاندەهێنان، خوارزمییەکانیش لە هەڵمەتە سەربازییەکانیان بۆ سەر

خاکی نەیاری هاوپەیمانەکەیان لە کوشتن و تاڵانکاری ناوچەکانیان درێغییان نەدەکرد.

## پەراوێزەکان

١- گورجیەکان نەتەوەیەکی مەسیحین دانیشتووی چیاکانی قەفقاسن لە ساڵی ٥١٥ک/١١٢١ز دەستیان بەسەر شاری تفلیس داگرتبوو لە ئەرمینیا و لە موسوڵمانانیان داگیرکردبوو تا هاتنی جلال‌الدین منکبرتی لە دەستی دەرهێنان ساڵی ٦٢٢ک/١٢٢٥ز(ابن الکثیر، ٢٠١٠، ١٥/١٤٩).

٢- گروپێکی شیعەی ئیسماعیلی باتینی بوون لە ناوچەی ڕوودبار لە نێوان قەزوین و دەریای خەزەر قەڵای ئاڵموتیان بنیاد نابوو لەسەر بەرزاییەک ساڵی ٤٤٦ک/ ١٠٥٤ز. لەسەر دەستی یەکێک لە بانگخوازەکانیان بەناوی (حسن الصباح) (القزوینی، ١٩٩٨، ٣٠١- ٣٠٢).

٣- شوێنێکە لە دەرەوەی شاری دیمەشق لە وڵاتی شام (یاقوت الحموی، ١٩٧٧، ٥/١٠١).

٤- قەرە خەتائیەکان: بریتین لە هۆزەکانی خەتا کە تێکەڵن لە هۆزەکانی مەغۆل و تانجوت لە باکووری چین، کە لە سەدەی (٤ک/١٠ز) سەرکردەیەکی بەهێزیان لێ هەڵکەوتوە بەناوی (تای تسو) توانیویەتی ئەم هۆزانە ملکەچی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بکات و خۆی وەکو ئیمپراتۆر ڕابگەیەنێ، بەهۆی بوونی تەنگژە سەربازی و سیاسییەکان نیشتمانی ڕەسەنی خۆیان مەنشوریا (باکوری چین) جێهێشتووە لە هەرێمی تورکستان گیرساونەتەوە دەوڵەتێکیان پێکهێناوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٦ک/١٢ز، توانیان لە ساڵی (٥٣١ک/١١٣٧ز) بەسەر

سەلجوقیەکاندا سەرکەون و هەرێمی (ماوراء النهر) بخەنە ژێر قەلەمڕەویی خۆیان. (الصیاد، ١٩٨٠،١/٢٢-٢٣ ؛ بارتولد، ١٩٨١، ٣٨٦).

٥- دوو دەستەواژەی عیراق بەرچاو دەکەون بە پێی ئاماژە مێژووییەکان، عێراقی عەرەب مەبەست بەشی خواروویەتی کە دەکەوێتە نێوان دوو ڕووباری دیجلە و فورات، بەشەکەی تر عێراقی عەجەمە بە هەرێمی چیاش ناو دەبرێت، ئەویش دەبێت بە دوو بەش، بەشی ڕۆژئاوای کە بچوکەکەیەتی ئەمە کوردستان پێکدەهێنێ، بەشی ڕۆژهەڵاتی گەورەکەیەتی بریتییە لە عێراقی عەجەم (لیسترج، ١٩٠٥، ٢٢٠-٢٢١).

٦- لە ساڵی (٦٣٦ک/١٢٣٩ز)مەلیک سعید مەلیک مەنصور ناصرالدینی ئەرتەقی باوکی فەرمانڕەوای ماردینی کوشت و خۆی شوێنی گرتەوە لە حوکمڕانیدا (المقریزی، ١٩٩٧،١/٣٩٣).

٧- قەیمەریەکان: ناوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ قەلایەک لە چیاکانی نێوان موسڵ و خەلات، ڕەگ و ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ میرە کوردەکانی ناوچەکانی موسڵ و خەلات (یاقوت الحموی، ١٩٧٧،٤/٤٢٤).

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

- **ئەنوەر: کەیوان ئازاد**، کوردستان و کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ٢٠١٥.
- **بهرامی نیا: ئومید**، مێژووی کوردەکانی جەزیرە، پرۆژەی تیشک، سلیمانی،٢٠٠٩.
- **حوسێن: موحسین موحەممەد**. هەولیر لە سەردەمی ئەتابەگیاندا، و.عوسمان علی قادر، چاپخانەی هاشم، هەولێر، ٢٠١٠.
- **رەسول: ابراهیم رەسول**، کاریگەرییەکانی لەشکرکێشی هێزە بیانییەکان بۆ سەر کوردستان، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٣ز.
- **زەکی بەگ: ئەمین**، خولاسەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، چاپخانەی مانگ، ئیران، ٢٠١٨.
- **هەروتی: مەهدی عوسمان**. نەهامەتی و کارەساتەکانی کوردستان لە سەدەکانی(٦-٨ک/١٢-١٤ز)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٥.

**سەرچاوە کۆنەکان بە زمانی عەرەبی**

**ابن الاثير: ابی حسن علی بن ابی الكرم محمد بن محمد عبدالله(ت٦٣٠هـ/١٢٣٣م).**

الكامل في تأريخ، دار الكتب العلمية، بيروت ، ٢٠٠٣م .

**ابن البيبی: حسين بن محمد بن علی الجعفری،(ت٦٧١هـ/١٢٧٢م).**

- اخبار سلاجقة الروم، ترجمه والتقديم: محمد اسعيد جمال الدين، القاهره، ١٩٩٣م.

**ابن تغرى البردى: جمال الدين ابى محاسن يوسف (ت٨٧٤هـ/١٤٧٠م).**

- نجوم الزاهرة فى ملوك مصر والقاهرة، تحقيق: وزارة الثقافة والارشاد القومى، مصر، د.ت.

**ابن الجزرى: شمس الدين ابى عبدالله محمد بن ابراهيم ( ت٧٣٩هـ/١٣٣٩م)**

- المختار من تاريخ ابن الجزرى، تح: خضير عباس محمد، دار الكتاب العربى، بيروت، ١٩٨٨م.

**الجوزجانى: منهاج الدين عثمان بن سراج الدين (ت٦٥٨هـ١٢٦٠م).**

- طبقات الناصرى، ترجمة عن فارسية: عفاف سيد زيدان، القاهرة، ٢٠١٣، ٤٧١/١

**الجوينى: علاءالدين عتى ملك (ت٦٥٨هـ/١٢٥٩م).**

- تاريخ فاتح العالم، تحقيق: محمد بن عبدالوهاب القزوينى، ترجمه: السباعى محمد السباعى، القاهرة، ٢٠٠٧م .

**الحميرى: محمد بن عبدالمنعم (ت ٩٠٠هـ١٤٩٦).**

- روض المعطار فى خبرالاقطار، تحقيق:د. احسان عباس، مكتبة لبنان- بيروت، ١٩٧٤م.

**ابن حوقل: ابى قاسم محمد بن على النصيبى (ت ٣٧٧هـ/٩٧٧م).**

- صورة الارض مطبعة بريل ، ط٢، ليدن، ١٩٣٨م.

**ابن خرداذبة: ابى قاسم عبيدالله بن احمد (ت ٣٠٠هـ/٩١٣م).**

- المسالك والممالك، مطبعة بريل، ط٢، ليدن، ١٨٨٩م.

**ابن خلدون: أبو زيد عبدالرحمن بن محمد (ت٨٠٨هـ/١٤٠٩م).**

- العبر ديوان المبتداء والخبر(تاريخ ابن خلدون)، تحقيق: خليل شحادة، مراجعة، سهيل زكار، دارالفكر، بيروت، ٢٠٠٠م .

**الدواداري: ابي بكر بن عبدالله بن ايبك (ت ٧٠٩هـ/١٣٠٩م ).**

- كنز الدرر والجامع الغرر، تحقيق: سعيد عبالفتاح عاشور، القاهرة،١٩٧٢م.

**الذهبى: شمس الدين محمد بن احمد بن قايماز (ت ٧٤٨هـ/١٣٤٧م).**

- العبر في خبر من غبر، تحقيق : ابو هاجر محمد السعيد بن بسيوني زغلول، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٥م.

-تاريخ الاسلام و وفيات المشاهر والاعلام، تحقيق: د. عمر عبالسلام تمرى، دار للكتاب العربى، بيروت، ١٩٩٨م.

**الراوندي: محمد بن علي بن سليمان (ت٦٠١هـ/١٢٠٥م ).**

- راحة الصدور واية السرور، حقوق الترجمة بالعربية محفوظة للمجلس الأعلى للثقافة ، القاهرة، ٢٠٠٥م .

**الرهاوى المجهول (ت١٢٣٤/٦٣٢هـ).**

-تاريخ الرهاوى المجهول، ترجمة و تحقيق: الأب البير أبونا، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٨٦م .

**سبط ابن الجوزى: شمس الدين ابى المظفر يوسف بن قزاوغلي (ت٦٥٤هـ/١٢٥٦م).**

- مراة الزمان فى تواريخ الاعيان، تحقيق: ابراهيم زيبق، دار الرسالة العالمية، ديمشق، ٢٠١٣م.

**ابو شامة: شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل (ت٦٦٥ﻫ/١٢٦٧م).**

- ذيل على الروضتين، وضع حواشيه وعلق عليه:ابراهيم شمس الدين، دار الكتب العلميه، بيروت – ، ٢٠٠٢م.

**ابن العبرى: غريغوريوس أبى فرج بن هرون الطبيب الملطى (ت٦٨٥ﻫ/١٢٨٦م).**

- تاريخ الزمان، نقله الى العربية: الاب اسحق ارملة، دار المشرق، بيروت–لبنان، ١٩٨٦م.

**ابن العديم: كمال الدين ابى قاسم عمر بن احمد(ت٦٦٠ﻫ/١٢٦٢م).**

- زبدة الحلب من تاريخ الحلب، تحقيق: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٦م.

**العمرى: شهاب الدين احمد بن تحيى(٧٤٩ﻫ/١٣٤٩م).**

– مسالك الابصار، تحقيق: مهدى النجم، دار الكتاب العلمية، بيروت ، ٢٠٠٥م.

**ابن العميد: مكين جرجيس (ت٦٧٢ﻫ/١٢٧٣م).**

- اخبار الايوبيين، مكتبه الثقافة الدينية، پور سعيد، د.ت.

**الغسانى: ابو عباس الملک الاشرف (ت٨٠٣ک/١٤٤ز).**

العسجد المبسوک، تحقيق: شاكر محمود عبدالمنعم، دار التراث الاسلامى، بيروت،١٩٧٥م.

**ابوفداء: المؤيدالدين عمادالدين اسماعيل ابن على (ت٧٣٢ﻫ/١١٣١م).**

- المختصر فى اخبار البشر، تحقيق: د. محمد زينهم محمد عزب و يحيى سيد حسين، د.محمد فخرى الوصيف، دار المعارف، القاهرة، ١٩٩٩م.

**ابن الفوطى: كمال الدين عبد الرزاق بن أحمد (ت٧٢٣هـ/١٣٢٣م).**

- الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المائة السابعة، د.ت.

**القزويني: زكريا بن محمد بن محمود (٦٨٢هـ/١٢٨٣م).**

- آثار البلاد واخبار العباد، دار الصادر، بيروت، ١٩٩٨.

**ابن الكثير: ابى فداء اسماعيل (ت٧٧٤/١٣٧٣م).**

- البداية والنهاية، تحقيق: محمود محمد سعيد، دار ابن الكثير، ديمشق- بيروت٢٠١٠م.

**المقريزى: تقى الدين ابو عباس احمد (ت٨٤٥هـ/١٤٤١م).**

-السلوک لمعرفه دول الملوک، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت،١٩٩٧م.

**مؤلف مجهول (ت بعد ٦٥٥ک/١٢٥٧م).**

- تاريخ دولة الاكراد والاتراک، تحقيق: د.موسى مصطفى الهسنيانى، مطبعة جامعة دهۆک، ٢٠١٠.

**النسوى: محمد بن احمد (ت ٦٣٩هـ/١٢٤١م).**

- سيرة جلال الدين منكبرتى، تحقيق: حافظ احمد حمدى، دار الفكر العربي، قاهرة، ١٩٥٣م.

**ابن نضيف الحموى: ابى الفضائل محمد بن على (ت٦٤٤هـ/١٢٤٦م).**

- التاريخ المنصوری، تحقيق: ابو العيد دودو، مطبعة الحجاز، ديمشق،١٩٨١م.

**النويری: شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب (ت٧٣٣هـ/١٣٣٢م).**

- نهاية الارب في فنون الادب، تحقيق: د. بخيب مصطفى فواز و حكمت كشلی فواز، دار الكتب العلمية، بيروت، د. ت.

**الهمذانی: رشيدالدين فضل الله (ت ٧١٨هـ/١٢١٤م).**

- جامع التواريخ، نقله الى العربية: فؤاد عبالمطعی الصياد، دار النهضة العربية، بيروت، (د.ت).

**ابن الواصل: جمال الدين مدمد بن سالم (ت٦٩٧هـ/١٢٩٨م).**

- مفرج الكروب فی اخبار بنی ايوب، تحقيق: د. حسنين محمد ربيع،١٩٥٣م.

**ابن الوردی : زينالدين عمر بن المظفر (ت ٧٤٩هـ/١٣٤٩م).**

تاريخ ابن الوردی، جميع الحقوق محفوظة لدار الكتب العلمية، بيروت ، ١٩٩٦م.

**اليافعی: ابو محمد عبدالله بن اسعد بن علی (ت٧٦٨هـ/١٣٦٦م).**

- مراة الجنان وعبرة اليقظان، تحقيق: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، بيروت ،١٩٩٧.

**ياقوت الحموی: شهاب لدين ابی عبدالله ياقوت بن عبدالله (ت ٦٢٦هـ/١٢٢٨م).**

- معجم البلدان، دار الصدر (بيروت: ١٩٧٧م) .

**اليعقوبی: احمد بن يعقوب اسحاق بن وهب (٢٨٤هـ/٨٩٧م).**

- البلدان، تحقيق: محمد امين ضناوى، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٢م.

**اليونيني، شيخ قطب الدين موسى بن محمد (٧٢٦هـ/١٣٢٦م).**

- ذيل مراة الزمان، مطبعة دائرة المعارف العثمانيه بحيدر اباد الدكن- الهند، ١٩٥٤م.

**سەرچاوە نوێیەکان بە زمانی عەرەبی:**

- **اقبال: عباس**، تاريخ المغول منذ حملة جنكيزخان حتى قيام الدولة التيمورية، ترجمه: د. عبدالوهاب علوب، المجمع الثقافي، ابوظبى- الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٠م.
- **بارتولد: ڤاسيلى ڤلاديمير وڤتش**، تركستان من فتح الاسلامى الى غزو المغولى، نقله عن الروسية، صلاح الدين احمد عثمان، كويت،١٩٨١م.
- **حمدي: حافظ احمد**: الدولة الخوارزمية والمغول، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٤٩م
- **السرجانى: راغب**، قصة التتار من البداية الى عين جالوت، مؤسسة اقراء للنشر والتوزيع و الترجمة، القاهره، ٢٠٠٦م.
- **سليم: صبرى**، الاتراك الخوارزميه فى الشرق الادنى الاسلامى، القاهرة،٢٠٠٠م.
- **صبرة: عفاف سيد**، التاريخ السياسى للدولة الخوارزمية، دار الكتاب الجامعي، القاهرة، ١٩٨٧م.

- **الصقار: سامی بن خماس**، امارة اربيل فی العصر العباسی، دار الشواف للنشر والتوزيع، الرياض، ١٩٩٢م.
- **الصياد: فؤاد عبدالمعطى**، المغول فی التأريخ، دار النهضة العربة، بيروت، ١٩٨٠.
- **عاشور: سعيد عبدالفتاح**، الايوبيون والمماليک فی مصر والشام، دار النهضه العربيه، القاهرة، ١٩٧٠م.
- **فهمی: عبدالسلام عبدالعزيز**، تاری الدولة المغۆلية فی ايران، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨١م.
- **ليسترج: كی**، بلدان الخلافة الشرقية، نقله الى العربية: بشير فرنسيس و كوركيس عواد، فلورنسة، ١٩٨٥م.
- **العبود: نافع توفيق**، الدولة الخوارزمية، بغداد، ١٩٨٧م.
- **النقشبندی: حسام الدين**، أذربايجان فی العصر السلجوقي (٤٢٠-٦٢٤ه/ ١٠٢٩-١٢٢٧م)، المركز الاكاديمی للبحاث، بيروت، ٢٠١٣.

**سەرچاوەكان بە زمانی فارسی:**

- **اشتيابی: عبا س اقبال** ، تاريخ ايران پس از اسلام از صدور اسلام تا انقراض قاجاريه، تهران، ١٣٨٩ ش.

**حمدالله مستوفی: ابی بكر بن محمد بن بصر قزوينی (ت ٧٥٠ه/١٣٤٩م).**

- تاريخ گزيده، نشر الكترونيک: بهمن انصاری، (د. م. ط)، (د.ت).

**خوافی: احمد بن محمد بن يحيی فصيحی (ت٨٤٩ه/١٤٤٥م).**

- مجمل فصيحى، تحقيق: محسن ناجى نصر ابادى، چاپ ديبا، چ١، ١٣٨٤ش
**خواندمير: غياث الدين بن همام الدين حسينى(ت٩٤٢هـ/١٥٣٤م).**
- تاريخ حبيب السيرفى اخبار افرد البشر، مركز تحقيقات رايانەى قائيمەى اصفهان، د ت.
- **القزوينى. يحيى بن عبدالطيف الحسينى،(ت٩٥٤هـ/١٥٤٧م).**
- لب التواريخ، نشريات مؤسسه خادر، مطبعة سمينى، ١٣١٥ هـ . ق.

**نامە زانكۆييەكان:**

- **تۆفيق: سامان ناميق**. ژنخوازى لە دەوڵەتى ئەيوبيدا (٥٦٧-٦٤٨ك/١١٧١-١٢٥٠ز)، نامەى ماستەر، كۆلێژى ئەدەبيات، زانكۆى سەلاحەدين، هەولێر، ٢٠١٥ز.
- **الداودى: رمضان شريف زبير،** لورستان الكبرى(٥٥٠-٨٢٧هـ/١١٥٥-١٢٢٤م) دراسة فى احوالها السياسية والحظارية، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، ١٩٩٤م.
- **على: عبدالله محمد،** الكورد فى العهد المغولى، رسالة ماجستير، كليه الآداب- جامعة صلاح الدين، أربيل،١٩٩٢م.
- **الغريبى، عابد عبدالرزاق بن عبدالله،** علاقة الدوله الخوارزميه بالقو فى بلاد الشام، رسالة الماجستير ، جامعة أم القرىَ- مكة المكرمة، ١٩٩٦م.

**توێژینەوەکان:**


- **هەروتی: مهدی عوسمان**، کوردو دیاردەی کۆچکردن لە سەدەکانی ناوەڕاستدا (International Journal of Kurdish studies vol. 2/3 December 2016).
- **عبدالستار: خالدة عبدالاله**، جلال الدين منكبرتى سلطان الدولة الخوارزمية(دراسة تحليلية مقارنة(،مجلة التراث العلمي العربي ، فصلية ، علمية ، محكمة، العدد :الثاني ،٢٠١٤م.
- **الهسنياني: موسى مصطفى**، الخوارزمية عامل قو أم عنصر الضعف بين بلاد الشام و اقليم

الجزيرة ومصر(٦٢٣-٦٤٤هـ/١٢٢٦-١٢٤٦م)، المختار للعلوم الانسانية، العدد: الثالث، ٢٠٠٦م.

**ملخص البحث**


يعود ظهور علاقة الخوارزميين مع القِيوا والسلطات الكوردية والمناطق الكوردية الى عهد خوارزمشا علاءالدين تكش(٥٦٨-٥٩٦هـ/١١٧٢-١١٩٩م) عندما استولى على اقليم الجبال، بعد ذلك علاءالدين محمد(٥٩٦-٦١٧هـ/١١٩٩-١٢٢٠م) ، ما أن كسبت سلطةً واسعةً في المشرق الاسلامي، واتجه بجيشه نحو ايران والغرب، أو بعد هزيمته أمام الحملة المغولية.

ولم يستثنى كردستان من تلك الاقالم والمناطق التي تعرضت نفوذ والهجمات الخوارزمية، من خلال هذه الهجمات مهدت الطريق أمام بعض العلاقات بين الخوارزميين والقِوا والسلطات الكردية والمناطق الكردية، ولاسيما في عهد السلطان جلال الدين منكبرتي (٦١٧-٦٢٨هـ /١٢٢٠-١٢٣١م) في مجالات السياسية والعسكرية وحتى ألاجتماعية، وهذا على رغم من الكوارث العديدة التى حلت بالمناطق الكردية، كل هذه المعلومات تمّ عرضها ومناقشتها في هذا البحث.

**Abstract**

The beginning of the revolt of the relationship between The Khwarizmi state and the Kurdish forces, and areas returns to the era of Khwarzmisha Aladdin Tksh (568-596CE1172-1199AD/) When he took over the mountain region, Then Aladdin Muhammad (596-617CE/1199-1220AD), and the political situation in The Khwarizm region towards a new stage of wide authority, or when they were defeated against the Mongol army, they dragged to Iran and the West.

It seems that Kurdistan was not out of that region that was monopoly and occupation by the Khwarizmi arm, the ways were paved to come up some relations between sultan Khwarizmi and Kurdish forces, particularly the era of sultan Jalaladin Mankabartin (617-628CE/1220-1231AD) the relations concern political and military fields, even social despite that disasters happened to the Kurdish areas as a result of the surrounded army.